گۆڤارێکی هەستیاری کلتوری و سیاسییە
ئاب 2009 ژمارە 21



## هەندێک لە لیستەکانی پەرلەمانی عێراق تەنها کارییان دژایەتی کردنی دۆزی کورد



## ئەگەری دابەزینمان بە لیستێکی سەربەخۆ بۆ پەرلەمانی عێراق هەیە




## باڵەکانی ناوبزوتنەوەهەرلەسەرەتاوەتائەمروبەرەوهەڵکشان یان دابەزین؟

خاوەن ئیمتیاز:
■ کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

سەرنووسەر:
■ محەمەد فەریق

بەڕێوەبەری نووسین:
■ گۆران رسوڵ زەوقە

دیزاینی بەرگ :
■ هوشنگ عمر

دیزاین:
■ محەمەد بابان

ناونیشان:
نوسینگەی هەولێربرایەتی 40 مەتری
( 07504412444 )
( 0662568812 )

cherka_mag@yahoo.com

چاپخانەی کوردستان
(07701532640)
بڵاوکردنەوە:خانەی کاوان
(07504612568)



# دەسەڵات و ئۆپۆزسیون

کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لە خاڵە بنە ڕەتیەکانی دروست بوونی دیموکراسی لە کۆمەلگا و هەروەها بوونی ئۆپۆزسیوونێکی خاوەن بیروڕای مسئولانەش بەرامبەر بە کۆمەلگا، پێویستی کۆمەلگایەکی دیموکراسییە، کە هەم لیستە براوەکانی هەڵبژاردن واتە دەسەڵاتی سیاسی وەهەم ئۆپۆزسیونی هەڵقوڵاوی ناخی ویستی دیموکراسی، بە یەکەوە هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەر کردنی جوان ترین و وشیاوترین رێگاکانی بە دەست هێنانی مافە جۆراو جۆرەکانە لە ئاستی دەرەکی و ناوەکی، بە مەبەستی نیشان دانی سیمایەکی شارستانی و ئەخلاقی بە شێوازە جۆراو جۆرەکان.

ئەگەر ئەم بابەتە لە کوردستانی خۆمان هەلسەنگێنین و بمانەوێ تێروانینی بۆ بکەین ئەوا دەبینین کە لە کوردستانیش وەکو هەر نەتەوەو کیانێکی تر، شتێکی باشە کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، هێزی ئۆپۆزسیون دەوری خۆی هەبێت و هەوڵ بدات زیاتر خزمەتی کۆمەلگەی کوردی بکرێت. بەڵام بە هۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستان لە روانگەی دەرەکی و ناوخۆیی دا پێویستە هەڵ وەستەیەك بکەین لە سەر ئەم بابەتە. بۆ نمونە تا ئێستا قەزیەی کوردی لەم هەرێمە دا بە تەواووی یەك لا نەکراوەتەوە، هەر چەند کە فیدرالیەتیشمان قەبوڵ کردوە، بەڵام سنوری کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی دیاری نەکراوە، مەسەلەی کەرکوك تا ئێستا نادیارە و پاراستنی دەسکەوتەکانمان لە بەرامبەر هێرشی دوژمنان کە بە شێوازی جۆراو جۆر ئەنجامی دەدەن مەترسیدارە، بۆیە پێویستە هەمووومان پێکەوە، بە دەسەلاتی سیاسیەوە، بە ئۆپۆزسیۆنەوە و بە تاك تاکی هاوڵاتیانەوە پالپشتی ئەزمونی هەرێمی کوردستان بکەین و بە روحیەتی یەکتر قەبوڵ کردن هەولی زیاتر بۆ دەستەبەر کردنی گشت مافەکانمان بدەین. هەمووومان پێکەوە کار بکەین بۆ نەمانی گەندەڵی، بۆ بەرپەچ دانەوەی هەوڵی ناحەزانی کورد، بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەلگاو دەستەبەر کردنی دادپەروەری و یەکسانی. با پێویستی و ئەرکی ئەخلاقی و نەتەوەیی و ئامانجی هەمووومان بە توێژە جیا جیاکانەوە، دۆزینەوەی رێگا چارە بێت بۆ کێشەکانی کوردستان.

ئەمرۆی کوردستان پێویستی بە دەرس وەرگرتنە لە هەموو کەم و کورتی و نەهامەتییەکان و پلانەکانی دژ بە بەرژەوەندی گەلەکەمان، بۆیە ئۆپۆزسیون لە بنەرەتدا پێداگری لە سەر چەمکەکانی دیموکراسی وسەروەری یاساو دادپەروەری و کۆمەڵایەتی دەکات و بە روحیەتێکی پڕ لە ئینتمایی نەتەوەیی و خۆشەویستی وڵات، رۆڵی بنیاتنەرانە دەگێرن کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لە نێوان ئازارو خەمەکانی کۆمەلگا و دەسەڵاتی باڵا دەست لە وڵات.

ئۆپۆزسیون کاتێك بوونی راستەقینەی هەیە کە فەزایەکی ئازادو پڕلە دیموکراسی باڵی بە سەر وڵات کێشابێت کەوا چاوەروان دەکرێ، هەرێمی کوردستان ئەم فەزایەی دروست کردبێت.

بە هەر حاڵ ئێستا لەم قۆناغە نوێیەی تەشکیلی پەرلەمان و حکومەتی نوێ هیوا خوازین کە دیوارە ئەستورەکانی دروست کراوی نێوان خەڵك و دەسە ڵات بروخێ و هەموو لایەك بە خۆشی و شادی لە ژێر چەتری ئاڵای گەشاوەی کوردستان و سێبەری دەسەڵاتێکی جوان ئۆپۆزسیونێکی جوان تر بژین و بەرەو پێشکەوتنی زیاتر هەنگاو بنێین.

# ئەو مشتومڕ و دەرچوونی بەکۆمەڵ و ناڕەزایە یانەی پێشتر نەبوون، سەرهەڵدەدات..

## ئایا پەرلەمانە ساردەکە گەرم دەبێتەوە؟

راپۆرتی شیکاری: هیمن بابان رەحیم



پاش داواکردنی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لە پەرلەمانی نوێ بۆ کۆبونەوەی یەکەم و دیاریکردنی سەرۆک و جێگر و سـکرتێر و خواردنی سوێندی یاسایی، سەرئەنجام رۆژی پێنجشەممە (٢٠٠٩/٨/٢٠) لە رێ و رەسمێکدا کە هەندێک بە ئاهەنگی تەشریفاتییان ناوبرد، پە رلەمانی کوردستان خولی سێیەمی خۆی دەستپێکرد و یەکەمین کۆبونەوەی خۆی گرێدا، لەو کۆبونەوەیەدا وێڕای سـوێندخواردنی ئەندامانی نوێی پەرلەمان، سـەرۆکی هەرێم سـوێندی یاسـایی خوارد و بەبێ هیچ رکابەرییەک هەرسێ پاڵێوراوەکەی لیسـتی کوردستانی کە بریتی بوون لە هەریەک لە (کەمال کەرکوکی، ئەرسـەلان بایز، فرسـەت ئەحمەد) بۆ سـەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سـکرتێری بەدوای یەکتریدا دیاریکران.



## بەرهەم ساڵح پێویستی بە حکومەتێکی ئەکتیڤ و وەزیری شیاوترە

ئەگەرچی تا ماوەیەکی نزیکیش هێشتا ناکۆکییەك لە نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم هەبوو، بەڵام دیاریکردنی دکتۆر(بەرهەم ساڵح) سەرۆکی لیستی کوردستانی بۆ ئەو پۆستە وایکرد پارتی بەشێك لە نیگەرانییەکانی خۆی برەوێنێتەوە، چونکە پارتی و لەگەڵیشیدا یەکێتی کە لیستی کوردستانی پێکدەهێنن، بە دڵنیاییەوە ئەو واقیعە دەزانن کە بۆ ئەم خولەیان پێویستیان بە پەرلەمانتاری زیندوو و چالاکە، بە پێچەوانەوەی بەشێکی زۆری ئەو پەرلەمانتارانەی ئێستاشیان لەگەڵ بێت کەس نایاناسێت و رۆژێك لە رۆژان هیچ لێدوانێکیان لە هیچ دەزگایەکی راگەیاندن بڵاونەکرایەوە، چونکە شەڕکردن لەگەڵ گۆڕان و چوار حزبەکە و ئەوانی دیکە کە ئۆپۆزسیۆنبوون هەڵدەبژێرن سەخت دەبێت، بەتایبەت لەگەڵ لیستی گۆڕان کە رکابەرە سەرسەختەکەی یەکێتی و پارتی و لیستی کوردستانی دەبێت لە پەرلەماندا، بەو پێیەش حکومەتی ئایندە حکومەتێکی ئەکتیڤ و چالاك بێت و ئەو بەرنامانەی لیستی کوردستانی بەڵێنیدابوون بەجێبگەیەنێت، دەبێت حکومەتێکی پتەوبێت، چونکە رکابەرەکان و پەرلەمانتارەکانی ئەمجارە چاودێریی وردتر بۆ کاروچالاکییەکانی وەزارەتەکانی دەکەن، بۆیە هەڵبژاردنی بەرهەم ساڵح بۆ ئەو پۆستە تا رادەیەك نیگەرانییەکانی پارتیی رەواندەوە لەوەی بەرهەم ساڵح جگە لەوەی قسەزان و شارەزاییەکی باشی لە بەڕێوەبردندا هەیە، لە هەڵبژاردنی وەزیرەکانی رەنگە لە هەر کەسێکی دیکەی ناو یەکێتی زیاتر سەرکەوتووبێت.

## بچووککردنەوەی حکومەت و بەکۆداچوونەوەی گەندەڵی گرنگترین دەروازەکانی خۆ قوتارکردنن لە گۆڕان و چاکسازی

رەنگە یەکێك لە قورسترین کارەکانی ساڵح ئەوە بێت وەزارەتەکانی حکومەت کەم بکاتەوە و ژمارەی وەزیرەکانیش کەم، بەتایبەت وەزیرانی هەرێم کە پێشبینی مانەوەی دوو وەزیریان دەکرێت و هەموو حکومەتەکەش بگاتە (20) وەزیر یان تۆزێ زیاتر، چونکە بەشێکی زۆری ئەو گەندەڵییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە نەشیاویی زۆرێك لەو وەزیر و بەرپرسانەی پێشووترە بۆ ئەو پۆستانەی کە بۆیان هەڵبژێردرابوون، تەنانەت هەندێك لە وەزیرەکان هیچ مواسەفاتێکی وەزیرایەتییان تێدا نەبوو، تەواوفوقیش گەورەترین گورزی خۆی وەشاند لەوەی کابینەی پێشووتر گەندەڵییەکی گەورە وەکو میراتی بۆ کابینەکەی ساڵح جێ بهێڵێت، قورساییی ئەرکەکەی بەرهەم ساڵح بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لیستی گۆڕان کە (25) کورسیی لە پەرلەماندا هەیە و ئەم کورسییانەش کەم نین بۆ دروستکردنی را و بەرەیەك لە پەرلەماندا، یان هەرنەبێت وروژاندنی هاوڵاتیان و تەماشاکردنی هاوڵاتیان بۆ ئەوان وەکو پاڵەوان، چونکە یەکێك لە گەورەترین ئەو دروشمانەی گۆڕانییەکان هەڵیانگرتووە و داکۆکی لێدەکەن خزمەتگوزارییەکان و ئاستی بژێوی هاوڵاتیان دەبێت، گۆڕان کە بڕیاری بەشدارینەکردنیان لە حکومەتەکەی ساڵح داوە، بەدوای خۆیانیشدا لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری دێنن کە خاوەنی (13) کورسییە و پێشتر بۆ چەند جارێك بەرپرسەکانی ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کە ئەوان بەبەشداریکردنیان لە کابینەی پێشوو هیچ سوودێکیان نەبینیوە، بەڵکو زەرەریشیان کردووە، کۆبونەوەکەی پێش یەك رۆژ بەر لە سوێندخواردنی پەرلەمانتاران و سەرۆکی هەرێم بەڵگەیەکی تەواون بۆ تادێت لەیەکترنزیکبوونەوەی ئەو دوو بەرەیە، بۆیە لیستی گۆڕان و چاکسازی کە (38) کورسیی پەرلەمان دەکات، ئەگەرچی کاریگەرییەکی وای لەسەر ئەنجامی تێپ هراندنی بڕیار و یاساکان نابێت، بەڵام بەلانی کەم گەرمییەکی تەواو بەو هۆڵەی پەرلەمان دەبەخشن کە پێشتر ساردترین هۆڵی گفتوگۆ و پەرلەمانەکانی دونیا بوو، چونکە بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکان لیستی کوردستانی پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامەکانی پەرلەمان دەبێت، پەیداکردنی ئەمەش کارێکی ئەستەم نییە، چونکە دوو لەسەر سێی دەگاتە نزیکە (67) دەنگ، کە تەها هەشت کورسیی لە لیستەکانی دیکە پێویستە، ئەمەش بە بوونی سیستەمی کۆتا کە هێشتا یەکلای نەبوونەتەوە ئۆپۆزسیۆن یان لەگەڵ دەسەڵات دەبن، بەڵام پێشبینی دەکرێت لە زۆرێك لە پرۆژە یاسا و بڕیارەکاندا دەنگیان بۆ کوردستانی بێت، بۆ پرۆژە یاساکانی دیکەش ئەوانەی بڕیاری زۆر زۆر گرنگ و چارەنوس سازنین کوردستانی پێویستی بە (1+51)ی دەنگەکان هەیە، ئەمەش کارێکی ئاسانە بە بوونی (59)کورسی.

## گۆڕاوە شاراوەکانی یەکێتی

یەکێك لە مەترسییەکانی لیستی کوردستانی و بەتایبەت یەکێتی دەرکەوتنی ئەو کەسانەیە کە لەسەر یەکێتی پەرلەمانتارن و لە دواییدا گۆڕان دەربچن، ئەمەیان بە کارێکی باش نازانرێت و بە مەترسییەکی گەورە دادەنرێت،



بەتایبەت لە ئێستا پارتیش ئەو ترسەی هەیە کە پەرلەمانتارەکانی لیستی گۆڕان کار بکەنە سەر پەرلەمانتارەکانی لیستی کوردستانی یان بەلانی کەم لیستەکانی دیکە و سەرنجیان بۆ لای خۆیان رابکێشن و لە راکانی خۆیانیان نزیك بکەنەوە.

## دەرچوونی بە کۆمەڵ و مشتومڕی رەق پەرلەمانە ساردەکە گەرم دەکاتەوە

چاودێرانی سیاسی پێیان وایە پەرلەمانی خولی سێیەم بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە و زۆر زۆر جیاوازیی لە پەرلەمانی خولەکانی دیکە دەبێت، لەم خولەدا بە پێچەوانەی خولەکانی دیکە دەرچوونە دەرەوەی بە کۆمەڵی پەرلەمانتاران و نارەزایەتی وەرگرتنی روون و زەق و رەنگە شەڕی قسە و شە ڕی بەیەکتر هەڵچوون و تەقینەوە بەرووی یەکتر و تەنانەت دوور نییە لێدانی یەکتریش سیمای ئەم پەرلەمانە بێت، ئەمانەش هۆڵی پەڕلەمان گەرم دەکات، کاری پەرلەمانتارەکانی لیستی کوردستانی زەحمەت دەکات، ئەمەش هۆشیارییەکی زیاتر بە هاوڵاتیان دەبەخشێت لە رووی سیاسییەوە، بەتاییبەت ئەو جۆرە رووداوانە کە پێشتر پەرلەمانی کوردستان پێی ئاشنا نییە دەبێتە هۆی سەرنج راکێشانی هاوڵاتیان و هانیان دەدات بۆ چاودێری کردنی کارەکانی پەرلەمان.

## بارزانی دەیەوێت پەرلەمانتارەکان مەسەلەکان یەکلای بکەنەوە

## ئەگەرچی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی

هەرێم زۆرن، ئەمەش جێی رەخنەی زۆرێکە بەتاییبەت لیستە رکابەرەکانی کوردستانی، بەتاییبەت گۆڕان، بەڵام پێدەچێت سەرۆکی هەرێم خۆی بە دوور بگرێت لە هەندێك لەو دەسەڵاتانەی خۆی، چونکە جگە لەوەی چاوێکی زۆر لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، مەسعود بارزانی دەیەوێت پەرلەمانتارەکان کاری خۆیان بکەن و لە پەرلەمان مەسەلەکان یەکلایی بکەنەوە.

## لیستەکان ئەرکیان قورسە

هەرچۆنێك بێت ئەرکی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی خولی سێهەم ئەرکێکە قورسە بە بێ رەچاوکردنی لیستەکان، چونکە ئەوانەی دەنگیان بە گۆڕان داوە بە تیژ و وردبینییەوە تەماشای ئەدای پاڵێوراوەکانی لیستی گۆڕان دەکەن، دەیانەوێ داکۆکی لەو مافانەیان بکەن کە پێشتر بە کۆڵ بەڵێنیان پێدابوون، لیستی کوردستانیش ئەرکی قورسە بەو پێیەی د گەورەترین لیستی پەرلەمان بە وردییەوە چاوەڕوانی کارەکانی حکومەتەکەی کوردستانی دەکەن کە پێشبینی دەکرێت بە تەنیا یان لەگەڵ چەند لیستێکی بچووکی دیکە حکومەت دروست بکات چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەکانی نێو پەرلەمان وا دەکات کە لیستی کوردستانی بە پێچەوانەی پێشوو کەمترین هەڵە و فاوڵ بکات، هەروەها حکومەتەکەشی لە گەندەڵی بپارێزێت، رەنگە ئەمەش ببێتە هۆی گۆڕانکاریی زۆر لە رەوشی سیاسی و ژیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، پێشبینیش دەکرێت شەفافییەت و باسکردنی ئەو شتانەی پێشتر نهێنی بوون لە پەرلەمانی خولی سێهەمدا ئاسایی ببێتەوە.

## مەسعود بارزانی بۆ نیوز ویک:

# بوونی ئۆپۆزسیۆن دیاردەیەکی تەندروستە

ئا: هێڤار



لە چەند رۆژی رابردوودا گۆڤاری (نیوزویك)ی ئەمریکی چاوپێکەوتنێکی لەسەر ژمارەیەك دۆسییە و بابەت لەگەڵ (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە:

**نیوز ویک: دەبێت خەڵک چۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان شیبکەنەوە.**

**مەسعود بارزانی:** سەرکەوتنێك بوو بۆ گەلی هەرێمی کوردستان، پێشتر و لە رابردوودا گەلەکەمان توشی قڕکردن دەبوویەوە، بەڵام بۆ ئەمڕۆ گەیشتووینەتە ئەو قۆناغەی کە دەتوانن ئازادانە ئەو کەسە هەڵبژێرن کە رایان لێیەتی و ئارەزووی دەکەن.

**نیوز ویک: چۆن دەڕواننە دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی نوێ.؟**

**مەسعود بارزانی:** من پێشوازی لێدەکەم، پێشم وایە بوونی ئۆپۆزسیۆن دیاردەیەکی تەندروستە.

**نیوز ویک: چۆن وڵامی ئەو تۆمەتانە دەدەنەوە کە گوایە گەندەڵی لە کوردستان زۆر بەربڵاوە و زۆر پەرەی سەندووە، هەروەها تۆمەتەکانی نەبوونی دیموکراسییەتی پێویست و تەواو.؟**

**مەسعود بارزانی:** یەکسەر لێژنەیەك بۆ راستکردنەوەی گشتی یان لێژنەیەك بۆ بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی پێکدەهێن هەر کەسێك



هەر سـكالایەك، یـان بەڵگەنامەیەکی هەیە، بانگەشە و داواکراوە بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات.

**نیوز ویک: پاش چەند مانگێک، خۆت و (نوری مالیکی)سەرۆک وەزیرانی عێراق پێکەوە قسەتان کرد، پەیوەندییەکانتان بەرەو باشی دەچێت.؟**

**مەسعود بارزانی:** مالیکی سەرۆك وەزیران پەیوەندیـی پێوەکـردم و پیرۆزبایـی لێکردم، ئەمەش دەسـت پێشـخەرییەکی باش بوو، پێم وایە یارمەتـی توانەوەی بەسـتەڵەك دەدات.

**نیـوز ویـک: بەدواییـانە لێدوانی توندتان لەبارەی ئاستی خراپبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا دابوو، ئەمە بۆ.؟**

**مەسـعود بارزانی:** قسـەکانم بەخراپی شیکرانەوە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە، هەڵوێستەکەم هەمان هەڵوێستی پێشـووە هەر لەسەرتاوە چۆن بووە هەر وا ماوەتەوە، هیچ شـتێکی زیاتر لە گەلەکەم داوا نەکردووە لەوە زیاتر کە دەسـتوور پێم دەبەخشێت، هەموو کات گوتومە، بەرگری لـە مافەکانی گەلەکەمـان دەکەین، ئەو تاقە چەکەش کـە بەکاریدەهێنم دەسـتوور دەبێت.

**نیوز ویک: تا چی رادەیەک لەکشانەوەی هێزەکـانی ئەمریکا نیگەرانن.؟**

**مەسـعود بارزانی:** لـە چوارچێوەی ئەو ماوەیەی ماوە، پێویسـتە لەسەرمان کێشەکانی عێراق چارەسـەربکەین، خاڵـی گرنگ لێرەدا ئیرادەی سیاسـیی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکایـە، نەوەك ژمارەی ئەو سـەربازانەی کە لەسـەر خاك دەمێننـەوە، ئایـا ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکشـێتەوە و رێگە بە دۆخەکە بـدات ئاڵۆز بێـت و بەرەو داڕوخـان بچێت، یان بەشـێوەیەك دەکشـێتەوە کە بەرقەراربوون و جێگیـری لەپـاش خـۆی بەجێبهێڵێـت.

**نیـوز ویـک: هیچ باش بوونێک لەپەیوەندیـیەکان لەگـەڵ تورکیا بەدی هاتووە، کە بە بەرهەڵستکاری خەونەکانی کـورد دەزانرێـت.؟**

**مەسـعود بارزانـی:** پێشـکەوتنێکی بەرچـاو هەیـە، ئێمـە پێشـوازی لێدەکەین و هەوڵـی باشـترکردنی دەدەیـن.

**نیوز ویـک: ئـەی بەڵێـندانتان بە رێگـەنـەدان بە پارتی کرێکارانی کوردستان بە هێرشکردنە سەر تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە.**

**مەسـعود بارزانی:** رێگەمـان بە پارتی کرێکارانـی کوردسـتان نەداوە لێـرەوە هێرش بکـەن، مەسـەلەکان لەبـارەی بوونی حزب هەندێـك گەورەکرابوونـەوە، ئـەم ناوچەیـە ناوچەیەکی شـاخاویی ئەسـتەمە، دەکەوێتە نێـوان سـنوری ئێـران و عێـراق و تورکیا، قورسـە بۆ هیـچ هێزێـك کۆنترۆڵی بکات.

**نیوز ویک: ئایا لە کۆتاییدا تورکیا دەبێتە هاوپەیمان ئەگەر کشانەوەی ئەمریکا بەشێوەیەکی خراپ روویدا.؟**

**مەسـعود بارزانی:** تورکیا دەتوانێت رۆڵی پۆزەتیف ببینێت، ئەگەر ئامادەبێت بۆ گێرانی رۆڵێکی وا ئەوا ئێمە ئامادەین، بەڵام ناکرێت دەست تێوەردان لەکاروبارە نێوخۆییەکانمان قبوڵبکەین.

**نیوز ویـک: نەتەوەیەکگرتووەکان دەیەوێت یەکلایکردنەوەی ئەندام بدات لەبارەی وتوێژکردن لەسەر پێناسەی ئەو لایەنەی کە کەرکوک کۆنترۆڵی دەکات، پشتیوانی ئەم کردەیە دەکەن.؟**

**مەسـعود بارزانی:** وەڵامەکە زۆر روونە، کەرکوك و ئەو ناوچانەی دیکەی ناکۆکییان لەسەرە ماددەیەك لە دەسـتور دەیانگرێتەوە کە باس لە نەخشەیەکی رێگا بۆ چارەسەرکردنی دەکات، هەر ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەوە مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات.

**نیـوز ویـک: ئـەگـەر لایەنەکانی دیـکـە رەتـیـانـکـردەوە.**

**مەسـعود بارزانی:** ئـەو کات مافەکانی گەلی کورد زەوتکراو دەبێت، ئەو کات مافمان هەیە داکۆکـی لە خودی خۆمـان بەهەموو ئـەو ئامرازانەی لەبەردەسـتدا هـەن بکەین.

**نیوزویک: بـەڵام ئـەگـەر مەبەستتان شە ڕ بێت، لـەرووی ژمـارەوە ئـەوان لـە ئـێـوە زیـاتـرن.؟**

**مەسعود بارزانی:** ژمارەی زۆرتر و زیاتر ناکاتە سـەرکەوتنی بـەردەوام، زۆرینە حوکم دەکات ئەوە قاعیدەی سەندوقەکانی هەڵبژادنە.



# ئیسلامیەکان بەدوای هاوسەری سێکسیدا دەگە ڕێن

**هاوکار ئیبراهیم – توێژەری دەروونی**




سێکس وەك تاکە پێوەری هاوسەری سێکس یەکێکە لەپێداویستی یە دەرونی و روحی و جەستەیەکانی مرۆڤ ، نەك هەر ئەمە بەڵکو لایەنێکی گرنگی ژیانی ئینسانە، بۆیە گرنگە مرۆڤ زۆر بەوریای یەوە سێکس بکات، چونکە فەرامۆشکردنی ئەو غەریزەیە دەبێتە هۆی لەناوچونی مرۆڤایەتی ، تاك بەرەو ئاقارێکی نادیار دەبات،بۆیە دەبێت هەقی خۆی پێبدرێت، بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێت ، هەندێ لەمرۆڤەکان ئارەزووی سێکسی دەکەنە پێوەری ژیان و هەموو پایەکانی ژیانی لەسەر بونیاد دەنێن، لەکوردستاندا ئیستاکە گەنجانێك هەن سێکس دەکەن پێوەری هەلبژاردنی هاوسەری ژیان، ئەو جۆرە گەنجانە بەدوای هاوسەری سێکسیدا دەگەڕێن.


دەمەوێت هاوسەرەکەم سێکسی بێت فەرهاد یەکێکە لەو گەنجانەی کەزۆر بەڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات،

کەدەیەوێت هاوسەرەکەی زۆر سێکسی بێت، دەڵێت» دەمەوێت هاوسەرەکەم کەسێك بێت ئارەزوی سێکسی زۆر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئارەزوەکانی من تێر بکات « ئەو گەنجە ووتیشی « یەکەم مەرجی من بونی ئارەزوی سێکسی یە لەژندا ، چونکە سێکس کۆلەکەی سەرەکی مانەوەی خێزانە، بۆیە هەوڵ دەدەم ، لەیەکەم قسەکردنم لەگەڵ ئەو کەسەی دەیکەم بەهاوسەرم باسی بکەم، گەر وانەبێت دەست بەرداری دەبم» کچانیش حەز بەپیاوی سێکسی دەکەن سۆزیار ناوی خوازراوی کچێکی بالابۆشەو دەڵێت» ئێمە سێکس بەمەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەبینین، پێمان وایە ئەوەی رەچاوی ئەو ئارەزوە نەکات لەهەلبژاردنی هاوسەردا ، ئەوە خێزانێکی بێبناغە دروست دەکات، بۆیە هەمیشە دەبێت بەبایەخەوە بۆ سێکس کردن بروانین، هەوڵ بدەین نەهێڵین هاوسەرەکەمان بەدوای کەسی تردا بگەڕێت» کامیان سێکسی ترە پیاو یاخود ئافرەت زۆرجار باس لەوە دەکرێت کەئارەزوی پیاو لەئارەزوی سێکسی ئافرەت زۆرترە ، بۆیە ئەو پیاوانەی نایانەوێت پەیڕەوی لەفرە ژنی بکەن، ئەوە هەوڵ دەدەن ئافرەتێك بدۆزنەوە کەزۆر سێکس ی بێت.لەم بارەیەوە هادی دەڵێت»هەموو پیاوان کورد حەز دەکەن ژنەکانیان ئارەزوی سێکسیان باش بێت ، بۆئەوەی بتوانن گرنگی زۆرتر بەیەکتری بدەن، چونکە ساردی سێکسی دەبێت هۆی دروستوبونی کێشە لەنێوان ژن و پیاودا، سەرئەنجام خێزان بەرەو لێك هەڵوەشاندنەوە دەچێت» یەکەم پرسیار پرسیاری سێکسی یە زۆربەی گەنجە موتەدەینەکان کاتێك قسە لەسەر مەسەلەی هاوسەرگیری دەکەن، یەکەم پرسیاریان ئەوە،ئایا لەروی سێکسی یەوە تەواویت؟ ئەمەش دەلالەت لەگرنگی سێکس دەکات لەلای ئەوان. هەورین کچێکی ئەندامی حزبە ئیسلامیەکانەو دەڵێت» پرسیاری سێکس و تەندروستی شتێکی ئاسای یە، بە ڵام زۆرجار کوڕئەو پرسیارە لەریگەی کەسانی ترەوە دەکات، ئێمەی کچانیش تەواوی شتەکانی پێدەڵێن» ئەو کچە ووتیشی «ئێمەی ئیسلامی بۆیە زەواج دەکەین ، بۆ ئەوەی لەخراپە دوربکەوینەوە، بۆیە گەر هەردوولا سێکسی نەبن، توشی لادان دەبن، ژیانی خێزانی دەبێە دۆزەخێکی هەمیشەیی، بۆیە ئێمە لەناو خۆماندا زۆر زانیاری لەسەر سێکس و شێوازەکانی وەردەگرین بۆ ئەوەی بتوانین تەواو ەیەکتری ئاسودە بکەین»

گرنگی سێکس لە ژیانی مرۆڤدا

«سێکس یەکێکە لەو بابەتانەی کە تیورە دەروونیەکان جەختێکی زۆری لەسەر دەکەنەوە و هەندێکیشیان کردوویانەتە تەوەری سەرەکی بیردۆزەکانی خۆیان،چونکە سێکس بەمانا تەندروستەکەی تەنیا بۆ پڕکردنەوەی غەریزە نیە،بەڵکو ڕەهەندیکی ڕووحی و موتەعالی هەیە،هەروەها توانستە عەقڵی و دەروونیەکانی تاك ئامادە دەکات بۆ زیاتر بەدەستهێننان، ئەمە جگە لەوەی هۆکارێکیشە بۆ ئاسودەیی دەروون و تەندروستی دەروونی،لەبەرامبەریشدا چەپاندن و دامرکاندنی دەبێتە هۆی ناتەواوی لەشێوازی بیرکردنەوە،کە ئەمەش دەبێتە پەشێوی لە ڕەفتار و هەڵس و کەوتدا» (هاوکار ئیبراهیم-توێژەری دەروونی) بەم تێڕوانینە چووە ناو پرسی گرنگی سێکس لە ژیانی مرۆڤدا،ئەو وای دەبینی کەوا زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی تا ئێستا بەمانا سایکۆلۆژیەکەی لە چەمکی سێکس و گرنگیەکەی نەگەیشتوون،هۆکاری ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە ئەو شێوازەی کە تاکی کوردی پێ پەروەردە دەکرێ لەماڵ و قوتابخانەو مزگەوت و دام و دەزگاکانی تری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ،شێوازێکە کە قسەکردن لەسەر سێکس بە بڤە و قەدەغە دەزانێ و بەردەوام لە هەوڵی شاردنەوەی زانیارییەکانە لەسەر ئەو بابەتە گرنگە.

هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ سێکس لە ڕوانگەی (هاوکار ئیبراهیم- توێژەری دەروونی) ئەو پاڵنەرانەی کەوا لە هەندێك دەکات ،کە لە هەڵبژاردنی هاوسەردا تەنیا بیر لە سێکس بکەنەوە بوونی چەند پاڵنەرێکی خودی و دەرەکیە،بە ڵام ئەو زیاتر جەختی لەسەر پاڵنەرە خودیەکان کردەوە و گووتی «ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و دەروونیەی کە تاکی کوردی تێیدا گەورە دەبێت ڕەوشێکە کەوا لە تاك دەکات ویستە سێکسەکانی بچەپێنێ،ئاشکراشە کە چەپاندنیش بەمانای لەناوبردنی یەکجاری نایەت،بەڵکو بریتیە لە میکانیزمێکی دەروونی کەتاك بۆ هێورکردنەوەی گرژیە دەروونیەکانی سەری دەیگرێتە بەر،هەرکاتێکیش دەرفەتێك ڕەخسا بۆ مومارەسەکردنی ئەو ویستە ئەوا بێگومان بە گڕو هێزێکی زیاترەوە ئەو ویستە دێتە دەرەوە، جا هەندێك کەس هاوسەرگیری بەئامرازێك دەزانن بۆ بەتاڵکردنەوەی ویستە سێکسیە چەپێندراوەکانیان،سێکس دەکەنە تاکە پێوەر بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر،کەئەمەش لە داهاتوودا کاریگەریەکی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر بارودۆخی دەروونیان و ژیانی خێزانیان،چونکە هاوسەرگیری وەکو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی،تەنیا بریتی نییە لە سێکس،بەڵکو سۆز و خۆشەویستی و گونجان و لێبووردەیی و مانابەخشینەوەیە بە یەکتری،هەر وەك چۆن هاوسەگیری ڕێگایەکیشە بۆ دۆزینەوە و نوێکردنەوەی خود،لەبەر ئەوە ئەوانەی کە تەنها بیر لەسێکس دەکەنەوە لە هاوسەرگیردا،دەبینین بەماوەیەکی کورت پاش ئەوەی کە لەئەنجامی مومارەسەکردنی زۆری کردە سێکسیەکان لەگەڵ یەکتری هەست بەوە دەکەن کە لەیەکتری بێزاربوون ،گونجانی سێکسی و خێزانیان لەدەست دەدەن ،کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندیەکانیان و دواجاریش دەبێتە هۆی جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان» هەندێك کەس هاوسەرگیری بەئامرازێك دەزانن بۆ بەتاڵکردنەوەی ویستە سێکسیە چەسپێندراوەکانیان.



## د.بوخاری عەبدوڵڵا بۆ چرکە

# هەندێک لە لیستەکانی پەرلەمانی عێراق تەنها کارییان دژایەتی کردنی دۆزی کوردە



چاوپێکەوتن: کاروان کاکەیی

**د.بوخـــاری عەبدوڵا ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەم دیمانەیەدا بۆ چرکە تیشک دەخاتە سەر گرفتەکانی بەردەم یاسای باڵیۆزەکان و رێککەوتنی کوتلە سیاسیەکان لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و چەندین تەوەرەی تر، بەم شێوەیە دوا:**

**چرکە: کێشمەکێشمی ڕێک نەکەوتنی کوتلەکانی پەرلەمان بۆ یاسای باڵیۆزەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

د.بوخاری عەبدوڵڵا: پرۆسەی دەستنیشانکردنی باڵیۆزەکانی عێراق بەشێوەیەکی تەوافوقی بەڕێوەچووە، ئەم باڵیۆزانە سەرەتا لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان هەڵسەنگێنراون، تا پەرلەمانیش بریاری لەسەرنەدات ناتوانن دەست بەکاربن، هەندێك لە لیستەکان خەڵکێکیان دەستنیشانکردبوو، بەپێی یاسا نەدەگونجان، بۆیە هەندێکیان ڕەتکرایەوە، ئەم پرۆسەیەش تاماوەیەکی تر تەواودەبێت. ڕێژەی کورد لە باڵیۆزەکان دەگاتە 23% باڵیۆز، باڵیۆزەکانی کورد هەندێکیان بڕوانامەیان زۆر بەرزیان هەیە، هەندێکیان نەك بۆ باڵیۆز، بەڵکو بۆ پۆستی وەزیری دەرەوەش دەشێن، هەروەها لە کەمە ئاین و نەتەوەکانی تریش پێکهاتووە.

**چرکە: گرفتەکانی بەردەم ڕێککنەکەوتنی کوتلە سیاسیەکانی ناو پەرلەمانی عێراق بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەکام ماددەو برگەدا ناکۆکن؟**

د.بوخاری عەبدوڵڵا: هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دەستورییە، ئەگەر هەڵبژاردن نەکرێت، ئەوا لە پرۆسەی دیموکراسی دەردەچێت، هەر هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، بەڵام لەوانەیە لەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکی دوا بخرێت، یاساکەی پێشوو پێویستە هەمواربکرێت، چونکە یاسایەکی دیموکراسی نییە، یەکێك لە کەموکوریەکانی یاسای هەڵبژاردنی پێشوو هەموو عێراق یەك بازنەیی نەبوو، بۆیە چەند دەنگێکی لیستی هاوپەیمانی لەناوچوو بوو، چونکە یەك بازنەیی بوایە لەوانەیە 75 کورسیمان بە دەستهێنابووایە، هەرچەندە هەندێك لە کوتلەکانی پەرلەمان پشتگیری داواکەی لیستی هاوپەیمانی دەکەن، هەندێکیشیان مەبەستیان کەمکردنەوەی پێگەی کوردە لە بەغدا، بۆیە دەیانەوێت هەر یاسا کۆنەکە بمێنێتەوە، بەڵام ڕێژەی کورد بەهیچ شێوەیەك کەمنابێتەوە. ئەوانەی دژی ماددەی 140 دەیانەوێت یاسایەکی تایبەت بۆ کەرکوك دەربخەن، ئەمەش دژی یاساو دەستوورە، هەرچەندە هیچ لیستێکی گەورە پشتگیرییان لێناکەن، هاوپەیمانیش دژی ئەو هەڵوێستانەیە، یاساکەش کاتی نەماوە بۆ هەموارکردنی، بۆیە پێویستە پەلەی لێبکەن، چونکە ئەگەر تا مانگی

# کارێکی ئاستەمە جارێکی دیکە مالیکی بەسەرۆک وەزیران هەڵبژێردرێتەوە لەبەرئەوەی دەسەڵاتە سیاسیەکەی بە خراپی بەکاردەهێنێت

9 هەموارنەکرێت، ئەوا لەوانەیە کۆمسیۆن بەو وادەیەی دانراوە، رازینەبێت. ئەگەر بەپێی داوایەکانی ئێمە ئەو یاسایە هەمواربکرێت، ئەوا لە بەرژەوەندی تەواوی خەڵکی عێراقدا دەبێت، بەڵام هەندێك لە لیستەکانی پەرلەمانی عێراق تەنها کارییان دژایەتی کردنی دۆزی کوردە.

**چرکە: دەنگۆی ئەوە هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمالی عێراق پێگەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەم دەبێتەوەو هۆکارەکەی چییە؟**

د.بوخاری عەبدوڵڵا: ئەوانەی دژی کوردن، ئەو جۆرە پروپاگەندانە دەکەن، بە لام ئەگەر ئەمجارەش عێراق 18 بازنەبێت، ئەوا دەنگێکی زۆرمان دەفەوتێت، ئەگەریش کورد هەموویان پێکەوە لەیەك لیست دانەبەزن، ئەگەری پەرش و بڵاوی دەنگەکانی هەیەو ڕێژەکەی دابەزێت، پێشم وانییە لیستێك لە کوردستان دروست ببێت دژی ئیرادەی خەڵکی کوردبێت، دەکرێت دوو سێ لیستی کوردستانی هەبێت، بە لام یەکگرتوو و یەك ئامانج بن، هەڵبژاردنەکانی داهاتووش حەقیقەتی ئەوەمان پێدەڵێت کە کورد ڕێژەی کەم دەبتەوە یاخود زیاد دەبێت.

**چرکە: پەرلەمان و حکومەتی عێراق بە تەوافوق پێکهێنراوە، بەڵام ئەو تەوافوقە ئێستا بە لاوازی دەبینرێت، پێتوایە لە پەرلەمانی عێراقی داهاتوو ئۆپۆزسیۆن دروست ببێت و تاچەند دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لە عێراق پێویستە؟**

د.بوخاری عەبدوڵلا: هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق خشتەیەکی سیاسی نوێ دروستدەکات،پارسەنگی هێزەکان دەگۆڕێت، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو لەهەر هەڵبژاردنێك گۆرانکارییەکی سیاسی روویدا، لەم هەڵبژاردنەش ئەگەری پارچەبوونی چەند لیستێکی ئێستای ناو پەرلەمانی عێراق هەیە، لەوانەیە لیستی ئیئتلافی موەحەد گۆرانکارییەکی باشی بەسەربێت، پارچە پارچە ببێت، هەروەها تەوافوقی عێراقیش ئەگەری پارچە پارچە بوونی هەیە، ئێستاش ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیە.

**چرکە: لیستی هاوپەیمانی بیری لەوەنەکردۆتەوە کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق وەکو ئۆپۆزسیۆن کاربکات، لەوانەیە زیاتر بتوانێت پرسە چارەنووس سازەکانی کورد بەدەست بهێنێت؟**

د.بوخاری عەبدوڵلا: ئێمە هەوڵ نادەین ببینە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی کورد بەردەوام بەرهەڵستکارین، ئەگەر یاسایەك دژی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان بێت، دەبینە ئۆپۆزسیۆن لێناگەرێن یەك یاسا دەربکرێت،

هەرچەندە تەوافوق بۆ پرۆسەی سیاسی عێراق باشترە، بانگەشەی مالیکیش بۆ نەهێشتنی تەوافوق مەبەستی بەهێزکردنی ناوەندو لاوازکردنی هەرێمەکانە، ئەمەش دژی دەستورو پرەنسیپەکانی دەستوورە. ئێمەی کورد لە عێراقدا سەنگمان هەیە، هیچ حکومەتێك لە عێراق بە بێ بەشداری کورد هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە لەماوەی چوار ساڵدا کورد دەیتوانی چەند جارێك حکومەتی عێراق بروخێنێت، بەڵام ئێمە ئەو حکومەتە بە حکومەتی خۆمان دەزانین.

**چرکە: هۆکاری وەستاندنی بانگهێشتی وەزیرەکان بۆ پەرلەمانی عێراق بۆچی دەگەرێتەوە؟ ئایا مالیکی هۆکاری سەرەکییە لە بەردەم رێ گرتنی بانگ هێشتی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان؟**

د.بوخاری عەبدوڵڵا: بانگهێشتی وەزیری بازرگانی و سزادانی ئەرکێکی پەرلەمانە، چونکە ئەرکی پەرلەمان تەنها یاسادەرکردن نییە، بەڵکو ئەرکی چاودێرکردن و لێ پێچینەوەی حکومەتیشە، مالیکی بانگهێشتی وەزیرەکانی بە پیلان و کودەتای حکومەتەکەی زانی، بۆیە لەرێگەی لایەنگرانی لەپەرلەمان هەوڵیدا بانگهێشتی وەزیرەکان رابگرێت، ئەو شێوازەی مالیکی بۆ بانگهێشتی وەزیرەکانی داناوە، یاسایی و دەستووری نییە، نابێت هیچ بەربەستێك لە بەردەم لێپێچینەوەی وەزیرەکان هەبێت، هەروەها بۆ بانگهێشتی وەزیرەکان چەند شێوازێکیان داناوە، کە دژی دەستوورو یاسایە، ئەمەش مەبەستییان پەردەپۆشی ئەو هەموو گەندەڵییە کە لە وەزارەتەکاندا هەیە، پێویستە لیژنە تایبەتییەکانی پەرلەمان بە خەڵکی عێراق رابگەیێنن، کە کام لایەن رێگرە لەبەردەم لێ پێچینەوەی وەزیرەکان.

**چرکە: مالیکی لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە، کۆمەڵێک بەڵێن و بەرنامەی دارشتووە، بە لام ئێستاکە مالیکی بە پێچەوانەی بەڵێن و بەرنامەکەی کاردەکات، پێتوایە مالیکی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دووبارە بە سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرێتەوە؟**

د.بوخاری عەبدوڵڵا: کارێکی ئەستەمە جارێکی دیکە مالیکی بەسەرۆك وەزیران هەڵبژێردرێتەوە، چونکە مالیکی دەسەڵاتە سیاسییەکەی بە خراپی بەکاردەهێنێت، لە چوارچێوەی یاساو دەستوورەکان دەردەچێت، ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی داوە، هیچی بە جێنەگەیاندووە، بەڵکو بووەتە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی عێراق، لە ژێر دروشمی نیشتمانپەروەرییەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەپارێزێت، مالیکی باس لەسەروەری یاسا دەکات، کەچی لە هەموو کەسێك زیاتر یاسا دەشکێنێت.

**چرکە: رەتکردنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێتوایە کاریگەرییەکی دەرەکی لە رێگەی ئەو لایەنە سیاسیانەی کوردستان کە دژی دەستوور بوون لەسەر ئەو رەتکردنەوەیە هەبێت؟**

د.بوخاری عەبدوڵڵا: لایەنی دەرەکی ئەگەر راستەوخۆش کاریگەری نەبێت، لە رێگەی هەندێك لایەنەوە نا راستەوخۆ گورزی خۆی دەوەشێنێت، لەبەرئەوەی ئێستا کوردستان بەرووی جیهاندا کراوەتەوە، بێگومان خەڵکانێك لە عێراق و دەرەوەی عێراق دژایەتی ئەو دەستوورەیان دەکرد، ئەوانەی بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە ئەو دەستوورە کەس نەیبینیوە، بەڵکو لە ماوەی چەندین ساڵە کاری لەسەر دەکرێت و باسیشکراوە، ئێستاش لە رێگەی بریکارەکانەوە بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت، ئەو ئالیەتەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئاشنابوونی خەڵك بەو دەستوورە گرتوویەتەبەر، تەنها لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو میکانیزمە پەیرەوکراوە، ئەو کێشمە کێشمەی بۆ دژایەتی دەستوور کردوویان مەبەستییان دژایەتی بە دام و دەزگاکردنی کوردستان بوو، چونکە دەزانن ئەو دەستوورە کوردستان بەرەو قۆناغێکی تر دەبات، پەرلەمانیش کە بڕیاریدا دەستوور بۆ ماوەیەکی تر دوابخرێت، بیانووی ئەوانە دەبڕێت، زۆر ئاساییشە ئەم دەستوورە راپرسییەکەی مانگێك دوابخرێت، ئەو کاتە دەستوورەکە هێزیشی زیاتر دەبێت.



## مالیکی باس لەسەروەری یاسا دەکات کەچی لە هەموو کەسێک زیاتر یاسا دەشکێنێت

**هیوا میرزا بۆ چرکە**

# ئەگەری دابەزینمان بە لیستێکی سەربەخۆ بۆ پەرلەمانی عێراق هەیە



**هیوا میرزا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم دیمانەیەدا لەگەڵ چرکە ئاماژە بە بوونی ڕۆڵیان لە پەرلەمان و هۆکاری بەشداری نەکردنیان لە حکومەت و ئەگەری هەڵوەشانەوەی لیستی چوارحزبەکە بۆ پەرلەمانی عێراق و چەندین تەوەرەی تر دەکات.**

**چاوپێکەوتن: کاروان**

**چرکە: دوای ئەم هەڵبژاردنە چ گۆڕانکارییەکی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا دەبینیت؟**

هیوا میرزا: گۆڕانکاری سەرەکی لەم هەڵبژاردنەدا، بوونی لیستە جیاوازەکانە، بوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا، دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنیش گۆڕانکاری ریشەیی لەسەر پرۆسەی سیاسی هەرێم دەبێت، بارودۆخەکەش باشتر دەبێت، چونکە ئەو دەزگایانەی کاریگەری لەسەر رەوشەکە هەیە، پەرلەمان و حکومەتە، ئەمانەش پێموایە لەم کابینەیەدا توکمە دەبێت.

**چرکە: هۆکاری کەمبوونەوەی رێژەی کورسیەکانی چوار حزبەکە بەتایبەتی یەکگرتوو بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

هیوا میرزا: ئێمە کۆمەڵێك مەبەست و ستراتیژیمان لە پشت پێکهێنانی ئەو لیستە چوار حزبیە هەبوو، ئەمەش لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن و دەنگی نابڕازی بوو، کۆمەڵێك فاکتەر ئێمەی کۆکردۆتەوە، هەروەها پێکەوە ژیان و کۆبوونەوەی حزبی ئایدلۆژی جیاواز شتێکی گرنگە بۆ بارودۆخی کوردستان، ئەو دەنگ و کورسیانەی کە پێشتر پێشبینیمان بۆ دەکرد، بە دەستمان نەهێنا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەری ناوەکی و دەرەکی، بەڵام فاکتەرە سەرەکییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساختەکارییەی کە لە هەڵبژاردندا روویداو بوونی لیستی گۆڕانیش کە بەو تەوژمە بەهێزەوە لە هەڵبژاردندا سەریهەڵدا، ئەمانە هۆکارێکی سەرەکین کە لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی دەنگی نەهێنا، بەهەرحاڵ دڵخۆشیشین کە لە کوردستاندا پەرلەمانێکی کار هاتۆتەکایەوە. ساختەکارییەکەش رێژەی دەنگدان بەرزدەکاتەوە، بۆیە ئەو کاتە بۆ بەدەستهێنانی کورسیەك پێویستیت بە دەنگێکی زۆر دەبێت.

**چرکە: ئاماژەت بە لیستی گۆڕان کرد کە بە تەوژمێکی بەهێزەوە هاتۆتە ناو پرۆسەکەوە، پێتوایە دەنگێکی زۆری ئێوە بۆ لیستی گۆڕان چووە؟**

هیوا میرزا: ئەگەر لیستی گۆڕان بەو دروشمانە بەشداری لە هەڵبژاردنی نەکردبایە، بەشێکی زۆری دەنگە ناڕازییەکان و تۆڕاوەکان روویان لە ئێمە دەکرد.

**چرکە: هۆکاری یەکگرتنی دوو حزبی عەلمانی و ئیسلامی سیاسی تا چەند کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی رێژەی دەنگەکانتان هەبوو؟**

هیوا میرزا: کاریگەرییەکی ئەو تۆی نەبوو، بەڵکو ئێمە نموونەیەکی پێکەوە ژیانمان پێشکەش بە

## پێکهێنانی لیستی چوار حزبەکە تەنها بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی تر نییە

گۆڕەپانی سیاسی کوردستان کرد، ئەگەر جۆرە هەستیارییەکیش لەلایەن لایەنگرو ئەندامانمان هەبێت، پێویستە ئەو هەستیارییە بروێنینەوە، ئێمە ئەو دەنگەی بە دەستمان نەهێنا، دەگەڕێتەوە سەر ئەو دوو فاکتەرەی کە ئاماژەم پێکردووە.

**چرکە: ئێوە وەکو یەکگرتوو کە پێشتر کورسییەکی زۆرتان لە پەرلەمان هەبوو، بەڵام ئێستا کەمبۆتەوە، ئایا پەشیمان نین لەو هاوپەیمانییەی کەلەگەڵ سێ حزبەکەی تر ئەنجامتانداوە؟**

هیوا میرزا: پەشیمان نین، هەرچەندە لەلایەن هەندێکەوە، وا لە جەماوەر دەگەیێنن، کە یەکگرتووی ئیسلامی پەشیمانە، ئەو هاوپەیمانییەتە کاری سەرپێیی نەبوو، بەڵکو کاری چەند ساڵە بووە، ئێمە زۆر دەستکەتمان لەو هاوپەیمانییەتە هاتۆتەدی.

**چرکە: ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی کردبایە، پێتوانییە دەنگێکی زۆرتری بەدەستهێنابایە؟**

هیوا میرزا: بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان، نابێت تەنها بەرژەوەندی حزبی لەبەرچاو بگیرێت، ئێمە داهاتوویەکی زۆرمان لەدوایە، ئەو هاوپەیمانییەتە زۆر لە سەرووی جیاوازی دەنگەکانە.

**چرکە: بۆچە بەشداری لە پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم ناکەن، پێتوایە بەشداریکردنتان رۆڵتان لاوازدەکات، یاخود بوونتان بە ئۆپۆزسیۆن زیاتر خزمەت بە پرۆسەکە دەکەن؟**

هیوا میرزا: هەر لەسەرەتاوە کە راپۆرتمان بۆ رای گشتی بڵاوکردەوە، گەیشتینە ئەو قەناعەتەیە کە بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن پێکبهێنین، هەروەها ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارەیە کە بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ لایەنەکانی تر دەکەن، ئێمە گەیشتینە ئەو راستییە کە بەشداریکردنمان نە لە بەرژەوەندی خەڵك و پەرلەمان و حکومەتدایە.

**چرکە: لە پێکهێنانی کابینەی پێنجەم بەشداریتان کردبوو، ئەو وەزارەتەی وەرتان گرتبوو، رۆڵێکی ئەوتۆتان لە خزمەتکردنی خەڵك نەبوو، ئایا لە بەرێوەبردنی حکومەت هەر ئەوەندەتان پێدەکرێت، یاخود رێگر لەبەردەمتان هەبوو؟**

هیوا میرزا: بەشداربوون لە کابینەی پێنجەم هەر بەشدارکردنێکی پەراوێزخستن بوو، دەستێوەردانی حزبی لە حکومەت و پەرلەمان سەد لە سەد بوو، هیچ رۆڵێکی ئەو تۆیان بە ئێمەنەدەدا کە خزمەت بکەین، کاتێك دەنگێکی ناڕازیمان لە

پەرلەمان بەرزدەکردەوە بەرامبەر بە گەندەڵییەکان زۆر بێتاقەت دەبوون، بیانووی ئەوەیان دەهێنایەوە کە چۆن دەبێت بەشداربن و ڕەخنەش بگرن، بۆیە پێمان باشە بەشداری لەم کابینەیەدا نەکەین.

**چرکە: ئێوە وەکو ئۆپۆزسیۆن دەتوانن کاریگەری بخەنە سەرپارتی و یەکێتی کە لە پەرلەماندا لیستی یەکەمن؟**

هیوا میرزا: بێگومان دەتوانین کاریگەری لەسەر حکومەت و پەرلەمان دروستبکەین، ئەم دوو حزبەیەش خوێندنەوەیەکی وردیان بۆ بارودۆخی ئەمڕۆ کردووە، کە پێویستە لە قۆناغەکانی ڕابردوو پەندییان وەرگرتبێت، ئەو سلبیاتانەی پارتی و یەکێتی لە قۆناغەکانی پێشوو دەیانکرد، ئەگەر لەم قۆناغەدا دووبارە بکەنەوە، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو وەکو ئەم هەڵبژاردنەیە ڕێژەیان زۆر زۆر کەمتر دەبێتەوە، قەناعەتەم وایە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ناتوانن حکومەتیش پێکبهێنن.

**چرکە: ئەو لیستانەی دەبنە ئۆپۆزسیۆن ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەو لە بەرژەوەندی خەڵکدا نەبوو، پێتوانییە ئەو ئۆپۆزسیۆنە ڕۆژێک گۆرانکاری بەسەردێت؟**

هیوا میرزا: جەماوەر ڕۆژ بەرۆژ زیاتر هوشیاردەبتەوە، لیستی گۆڕان و چاکسازی ئەوەندە ئەرکییان لەسەر نییە، چونکە حکومەت پێکناهێنن، بەڵام لیستی کوردستانی کە حکومەت پێکدەهێنێت، ئەگەر ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی داوە بە جێنەگەیێنێت، ئەوا بەرەو داکشان دەچێت.

**چرکە: پەرلەمان لەم خولەدا نەیتوانی ڕۆڵی چاودێری ببینێت، ئایا ئێوە وەکو ئۆپۆزسیۆن دەتوانن ڕۆڵی چاودێری پەرلەمان بەهێزبکەن و وەکو پەرلەمانی عێراق وەزیر بانگهێشت بکەن و لەسەر گەندەڵی سزای بدەن؟**

هیوا میرزا: بەراستی لە خولی دووەمی پەرلەمان بە هۆی بارودۆخەکەی نەیتوانی پەرلەمان ڕۆڵی چاودێری ببینێت، ئەم لیستانەش لە هەڵبژاردن بەڵێنیان بە خەڵك داوە کە پەرلەمان چالاك بکەن، پێموایە چاودێرییەکی باشی حکومەت دەبێت، ڕۆژانە وەزیر و کەسانی گەندەڵکار بانگهێشتی پەرلەمان دەکات، چونکە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ئەو کارەیە نەکات واتە ئۆپۆزسیۆن نییە، هەرچەندە لە خولی دووەمیش داوامان دەکرد کە وەزیر بانگهێشتی پەرلەمان بکەین، بەڵام بەپێی ئەو تەوافوقە سیاسیە نەدەکرا.

**چرکە: بڕیارێکی یەکلاکەرەوەتان نەداوە کە چۆن بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق دەکەن؟**

هیوا میرزا: لە سەرکردایەتی تاوتوێی ئەو ئەگەرانەمان کردووە، هەرچەندە کۆمەڵێك ئەگەرمان لەبەرچاوگرتووە، ئەگەرەکانیش لەوانەیە بەتەنیا دابەزین، یاخود لەگەڵ چوارحزبەکە، یاخود بەرەی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە، یاخود لیستێکی یەکگرتوو پێکبهێنین، ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکرێت ئەگەر هەموو کورد پێکەوە نەبن، ئەوا کاریگەری لەسەر پێگەی کورد دەبێت، بەلام یەکگرتوو ئەزموونێکی سەرکەوتووی لەسەر لیستی جیا لەپەرلەمانی عێراق هەیە، پێموایە هەموو لیستێك خەمخوری ئەو گەلە دەبێت، هەموو بڕیارە چارەنووسسازەکان لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە کۆنەبێتەوە.

چرکە: ئایا دەکرێت لیستی چوار حزبەکە هەڵوەشێننەوەو هەر حزبێك لیستێکی سەربەخۆ دروست بکات؟

هیوا میرزا: ئەم چوار حزبەیە کە لیستێکی هاوبەشمان پێکهێناوە، تەنها بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بوو، کاری هاوبەشی ئەم چوار حزبەیە کە بڕیارییان لەسەر داوە، بۆ هەڵبژاردنێك بووە، هەموو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییەك بۆ فەترەیەکی کەمە، مەرج نییە بەردەوام بێت.

**چرکە: ئایا ئەگەری پێکهێنانی لیستێک لەگەڵ حزبێکی تری غەیرە کوردی یاخود ئیسلامی عێراق پێکبهێنن ؟**

هیوا میرزا: بەهیچ شێوەیەك بیر لە پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش لەگەڵ حزبێکی غەیرە کوردی لە عێراقدا ناکەین، هەرچەندە ئەگەر هەبێتیش شتێکی ئاساییە، ئەوە عەیبداری نییە، بەڵکو چۆن خزمەت بە گەلەکەت دەگەیێنین پێویستە ئەوە بکەین.



# هۆکاری دەنگ نەهێنانمان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ساختەکاری و بەشداربوونی لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردندا

# گەنجان و خاوەن ئەنفالەکان لە سەرۆکی لیستی گۆڕان تورەن



لە دەست پێکردنی پرۆسەی هەلبژاردن بە قۆناغە جیاوازەکانی، بینیمان کە لیست و قەوارە سیاسیە بەشداربوەکان بۆ بردنەوەی زۆرترین کورسی پەرلەمانی چۆن پرو پاگەندەیان دەکرد چەندین بەلێن و وەعدەی جۆراو جۆریان بە خەڵکی کوردستان دا.هەلبژاردنی ئەم جارەش بە شێوەی تا حەدێك ئیجابی ئەنجام درا و دەرئەنجامەکانیش مان بینی. یەکێتی و پارتی کە بە دوو هاوپەیمانی ستتراتیژی ناو دەبرێن براوەی زۆرترین دەنگەکان بوون بۆ پەرلەمان و حکومەتی داهاتو. لیستی گۆڕانیش دووەم بوو، هەرچەند کە لە قەدەر فەترەی دروست بون و کەسایەتیەکانی پێك هێنەری ئەم لیستە، دەنگەکانیان زۆر بوو.

سلێمانی بەدەر نەبوو لە خروقات: باس لەوە دەکری کە تەنیا لە دهوك و هەولێر خروقاتی زۆر کراوە و سلێمانی پاك بووە لە پرۆسەکە، بەشێك لە چاودێران و کەسایەتیەکان باس لەوە دەکەن لە پارێزگای سلێمانی بە گشتی، بە قازانجی لیستی گۆڕان خروقات کراوە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر نهێنی و لە سەرە خۆ.وەکو دەڤەری بیتوێن. هەندێك دەلێن دەنگە بە دەست هاتوەکانی گۆڕان لەو فەترە زەمەنیە کە گۆڕان هێشتا پایەکانی دروست بونی قایم نەبوە، بۆتە جێی سەرنج و تێبینی، کە هەندێك لە هاوڵاتیان باس لەوە دەکەن بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی یەکێتی لە رقی پارتی دەنگیان بە گۆڕان داوە یان بە شێوەیەکی نهێنی لە لایەن یەکێتی داوایان لێ کرابێت بۆ ئەم مەبەستە.

گەنجان و خاوەن ئەنفالەکان لە سەرۆکی لیستی گۆڕان تورەن: دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەلبژاردن، هەموو ئەو کەسانەی کە دەنگیان بە لیستی گۆران دابوو چاەرێی ئەوەیان دەکرد کە خاوەن بەلێنەکان و بە تایبەتی شەخێی نەوسیروان مستەفا بە حەماسەتێکی زۆر بەشداری بکەن لە مەراسیمی سوێند خواردنی یاسایی کە جارێکی تر بەرژەوەندییە باڵاکان دەپارێزن و جەوماوەرەکەیان

# راپۆرتی شیکاری تایبەت بە چرکە



دڵنیا دەکەنەوە لە جێ بە جێ کردنی بەڵینەکان، بەڵام ئامادە نەبوونی سەرۆکی لیستی گۆران لە مەراسیمەکە لایەنگرانی نیگەران کرد و رەخنەی لێ گیرا. چونکە وەك خۆیان باس دەکەن خاوەن ئەنفالەکانی گەرمیان و گەنجان کە بە هیوایەکی زۆر رویان کردۆتە لیستی گۆران بۆ دەرباز بونیان لەم زروفە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئامادە نەبوونی نەوشیروان بۆتە هۆی نیگەران کردن و رەنجاندنیان.بەشێکیش بە چەواشە کردنی دەزانن و دەڵێن ئەو گڕوتینەی کە لە کاتی پروپاگەندەی هەلبژاردن هەیانبوو، بایەخی نییە ئەگەر لە قۆناغەکانی دواتر کاڵ بێتەوە. ئەگەری ئەوە هەیە ئیتفاقی نهێنی لە نێوان نەوشیروان و مام جەلال هەبێت: کۆمەلێك کەسی سیاسی و خاوەن هزری سیاسی پێیان ایە کە تا ئێستا هیچ دڵنیا بونێك لە ئارادا نیە کە دروست بوونی لیستی گۆران بە ویستی یەکێتی خۆی نەبوبێت، چونکە وردە وردە لە گۆرەپانی سیاسی دا هەست دەکرێ کە لەوانەیە ئامانجی سەرەکی لە دروست کردنی لیستی گۆران، بێ هێز کردنی پارتی بێت لە مەیدانی ململانێی سیاسی. سەرۆك و جێگر و سکرتێری پەرلەمان لە ناو مەراسیمەکە دەنگیان بۆ نەدراو بە تەزکیە بوو: لە کاتی دەست نیشان کردنی کاندیدەکان بۆ ئەم سێ پۆستەی پەرلەمان دەبێ لە لایەن پالێوراوانی پەرلەمان بۆ ئەندام بوون، دەنگیان بۆ بدرێت ئەگەر مونافس هەبێ یان نا. بەڵام ئەمە نەکرا. زۆرێك لە خاوەن باکگراوندە سیاسی و بە ئەزمونەکان وای بۆ دەچن کە لەو کاتەدا ترسی ئەە هەبوە لە لایەن لیستی کوردستانی کە ئەگەری ئەوە هەبێ کۆمەلێك پالێوراوی خۆیان بە نهێنی لایەنگری لیستی گۆران بن و دەنگ بە کاندیدەکان نەدەن، بۆیە ترسی قورخ کردنی دەنگدان بە زەرەری لیستی کوردستانی و بە تایبەتی پارتی لەوانەیە هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەم مەبەستە. اەبەر ئەوەیە دەڵێن تا ئێستا هۆکاری راستەقینەی دروست بوونی ڵیستی گۆران و بوونی ئۆپۆزسیون نادیارە و رون نەکراوەتەوە.

# گۆران لەبانگەشەوە بۆ پاشەکشە



## دروستبونی گۆران

لیستی گۆران لەسەرەتادا درێژکراوەی باڵی ریفرمی ناو یەکێتی بوون ، دواتر دەیان خەلکی تری نارازی چونە پاڵیان، لەهەڵبژاردندا دەستیان کرد بەبانگەشەی گۆرانکاری لەسەر ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی ، ئابوری ....هتد ئەوەبوو توانیان ریژەی لەسەدا بیست و پێنج بەدەست بهێنن، ئەوەش گورزێکی کوشندەبوو لەهێزە ئیسلامیەکان، ئەو هێزانە تا دوێنێ خۆیان وەك هێزی ئۆپۆزسیۆن دەبینی ، بەڵام لیستی گۆران توانی گۆران لەهێزی ئۆپۆزسیۆنەوە بکات، بەهێزێکی عەلمانی .

## بۆچی گۆران لەسلیمانی سەرکەوتنی دەست هێنا

گەورەترین پرسیار ئەوەیە کەچۆن لیستی گۆرن توانی بەو ماوە کورتە ئەو ریژەیە بەدەست بهێنێت ، ئایا ئەوە لەناکارای و خراپی مامەڵەی یەکێتیەکانە بوە لەرابردوودا، کەوای کردوە خەلك بەدوای بەدیلی تردا بگەڕێت ؟ یاخود ترسی جەماوەربوو لەئیسلامیەکان ، هاوڵاتیان گەرەکیان بوو پشتی هێزی دەرەوەی یەکێتی و پارتی بشکێنن.

## دەنگدەرانی گۆران پەشیمان دەبنەوە

لەگەڵ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر دەنگیان بەلیستی گۆران دا ، بەڵام بەشێکی زۆر لەو کەسانە بەتایبەت گەنجان پەشیمان بونەتەوە لەوەی کە دەنگیان بەلیستی گۆران داوە، بەتایبەت دوای ئەوەی دەزانن، گۆران ناتوانێت خەونەکانیان بۆ بهێنێتەدی ، لەلایەکی تر ، هەر لەئیستاوە لیستەکە کوتلەکاری تێکەوتوە، وای کردوە، خەڵکانێکی زۆر بەتوانا فەرامۆشبکرێن ،

ئا: چرکە




گەندەڵی دەزگای راگەیاندنی گۆمپانیای ووشەی گرتۆتەوە ، لەم نێوەندەشدا دەیان رۆژنامەنوس وازیان هێناوە، دەیانی تریش لەپۆستەکانیان دورخراونەتەوە. گۆران خۆی لەلیستی چاکسازی نزیك دەکاتەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کەلیستی گۆران لەدوای هەلبژاردنەکانەوە زۆر هەوڵدەدات خۆی لەلیستی چاکسازی نزیك بکاتەوە بۆئەوەی لەپەرلەماندا بەهاوبەشی کار بکەن، ئەو چوار حزبەش راکێشنە ناوگەمەیەکی نادیار ، کەلیستی گۆران بەتەنها ناتوانێت بیکات، پێویستی بەپاڵپشتی کەسانی تر هەیە، بۆئەوەی ئامانجە کەسیەکانی سەرکردەکانی لیستی گۆران بهێنەدی .

## گۆران دەبێتە حزب

ئەوەی تائیستا لەناولیستی گۆراندا یەکلای نەبۆتەوە ئەوەیە ئایا حزبێکی سیاسی پێك بهێنن، یاخود وەك بزوتنەوەیەکی جەماوەری کار بکەن، خۆیان بۆهەلبژاردنەکانی تری ئایدندە ئامادە بکەن، لەم نێ ,ەندەشدا دوو بیرو راهەیە ، رایەکێان کار لەسەر ئەوە دەکات نەوشیروان مستەفا رازی بکات بۆ ئەوەی لیستکە بکاتە حزبێکی سیاسی، بەتەواوەتی لەیەکێتی نیشتمانی بکشێنەوە رایەکیش پیی وایە گەر بێت و حزبێك دروست بکەن ، ئەهەیمەنەی جەماوەری لەدەست دەدەن، بەلاّم لەگەڵ هەردوو رایەکەدا لیستی گۆران رۆژ بەرۆژ لەدوای هەلبژاردنەکانەوە لەپاشەکشەکەی بەردەوادایە، چاوەروان دەکرێت ، لەهەلبژاردنی ئایندەدا نەتوانن کەمترین دەنگ بەدەست بهێنن .

## فرهاد پیربالْ بۆ چرکە

# رۆژنامەی ئاسۆ و سایتی پەیامنێر گویان خواردوە



**دکتور فەرهاد پیربال یەکێک لە نووسەرو ئەدیبە بە تواناکانی کوردستان لە کاتی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەی راگەیاند کە دەنگ بە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی داوە بۆیە چەندکەسێکی سەر لێشـێواو لە قەزای کەلار چەند کتێبێکی دکتۆر فەرهاد پیربالْیان سـوتاند گۆڤاری چرکەش دوای ئەم رووداوە بە پێویستی زانی کە ئەم دیمانە لەگەلْ بەرێزیان ساز بدات.**

**دوای سوتاندنی کتێبەکانت لە لایەن چەند کەسێکەوە لە قەزای کەلار ئێوە بڕیارتان داوە هەڵوێست بەرامبەر ئەو ڕووداوە وەربگرن؟**

فەرهاد هیچ هەڵوێستێك وەرناگرم شکایەت و شکایەت کاری باوەرم پێی نیە دادگاو یاسا من هەموویان بە ڕۆڵەی خۆم ئەزانم بە هەلە تێگەیندراون جگە لەوەش حەقی خۆیانە نارەزایەك دەربرن بەرامبەر هەر شتێك و هەر کارێك بەڵام فۆرمی دەربرینەکە ناشیرینە بەڵام حەقی خۆیانە نارەزایی دەربرن بەرامبەر هەر دەسەلاتێك بەرامبەر هەر نووسەرێك ئێمە لە ولاتێکی ئازاددا دەژین. من لە دادگا شکایەتیان لێ ناکەم چونکە مەعرفە لە دەرەوەی هەموو یاسا و دادگایەکە لەبەر ئەوە فکر ئازادە ئەوانیش هەلوێستێکی مەعریفیان هەبوە لەم بارەیەوە ئەگەر چی هەڵەیە بەڵام ئازادن.

**فەرهاد پێت وایە نووسەری سەربەخۆ هەیە لە کوردستان؟**

فەرهاد لە هەموو کەون و کائینات نەبێت لە هەولێر هەیە من کە فەرهاد پیربالم سەربەخۆم تا حەدی ئیسقانم دژی هەر دەسەلاتێکم لە زمنی ئەوانە ئەو دەسەلاتەی کە ئەو چەند گەنجە باوەڕیان پێ هەیە و ئەو دەسەلاتە جێبەجێ دەکەن کە بریتیە لە دەسەلاتی ئەو تاقم و حیزبەی کە لە (ی.ن.ك)جیابوونەتەوە حیزبێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن خیافی من لەگەڵ ئەو گەنجانە ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێ بچنە ژێر باری فەرمایشتی دەسەلاتێکی تر من تەنیا ئەوەم پێ گوتون نەچنە ژێر باڵی هیچ دەسەلاتێك من باوەرم وایە کە گەنج و نووسەرو ڕۆشنبیر و خەلك نەچێتە ژێر فەرمایشی هیچ دەسەلاتێك و تاقمێکی حیزبی کەچی ئەوەتا ئەوان خەریکن دەچنە ژێر فەرمایشی تاقمێك کە بە هەمان شێوەی تاقمەکانی تر ئەو تاقمە کە لێ ی لە دایك بووە گەندەڵ و دیکتاتۆرە ئەوان پێیان وایە کە ئەو تاقم و حیزبە دیانگەیەنێتە ئازادی و سەربەخۆیی و ئاسودەیی دادپەروەری من پێم وانیە ئەوان وا تێگەینرابن کەمن بانگەشەم بۆ لیستی کوردستانی و دەنگم داوە بە لیستی کوردستانی من بە دەیان جار هاوارم کردوە ئەوانەی کەوا بانگەشەیان لە دوای ن کردوە کە گوایە من دەنگم داوە بە لیستی کوردستانی درۆ دەکەن من شتی وام نەکردوە کە لە سەر مانشیتەکان و لە سەرسایتەکان و لەوانە نوسیویانە بە هیچ شێوەیەك وە تەحەدای کەسێکیش دەکەم کە گوێی لی بوویێت یان خویندبێتیەوە لەوانەیە تەلەفزیونێك یان کەنالێك وای وتبێ بۆ نموونە بە چاوی خۆم دیتم ڕۆژنامەی ئاسۆو سایتی پەیامنێر نووسیبویان دوای ئەوەی دکتۆر فەرهاد پیربال دەنگی دا بە لیستی کوردستانی و بانگەشەی بۆ لیستی کوردستانی کرد کۆمەلێك گەنج کتێبەکانیان سوتاند بەڵام وانیە پەیامنێر گوی خوارد و ڕۆژنامەی ئاسۆش گوی خوارد بانگەشەم بۆ لیستی کوردستانی نەکردوە وە ئەگەر ئەو گەنجانەش وا تێ گەیندراون وا نیە لە لایەکی ترەوە من بە شانازیەوە دەلێم حەقی خۆمە دەنگم داوە بە جەنابی سەرۆك بارزانی لەبەر ئەوەی لە ناو پێنج کاندید هاولاتی هەر دەبێت کاندیدێك هەلبژێرێ وە لە70% میلەتەکەم دەنگی داوە بە مسعود بارزانی من لە ناو ئەو 70% دەنگم داوەو شانازیشی پێوە دەکەم وە بەلگەشم هەیە بۆیە دەنگم داوە بە سەرۆك مسعود بارزانی.

**فەرهاد چۆن پێناسەی لیستی گۆران دەکات؟**

فەرهاد هیچ پێناسەیەکم بۆیان نیە چونکە بریتیە لە حیزبێکی فەشە ل کە جیابووتەوە لە حیزبێك کە تاوانبارە لە لایەن خۆدی و سەرکردایەتی لیستی گۆرانەوە من پێم وایە ئەو لیستە فشەقە ل هیچ کەمتر نیە لەو گەندەلی و دکتاتۆریەی کە حیزبە ئەسلیەکە تاوانبار دەکرێت بە گەندەڵی و دیکتاتۆری بەڵام زۆرم پێ حەیفە 18 سالە ئێمە خۆمان پەروەدە دەکەین بە فکری یاخی بوون و ریفۆرم کە دووبارە بچنە ژێر باڵی تاقمێك کە ئەویش هەر گەندەل و دیکتاتۆرەپێم سەیرە کە ڕۆشنبیران ناتوانێت بروا بەوە بهێنین من پێم وایە سالانی داهاتوو دەردەکەوێ من ڕاست بووم یان ئەوانەی کە لە بەر خاتری سەرکردایەتی لیستێکی ئاوا کە لیستی گۆڕانە کتێبی من دەسوتێنن لە بەر ئەوە من ویژدانم ئاسوودەیە دلنیام ڕۆژێك دادێت شتەکان ڕووناك دەبنەوە.

**باس لەوە دەکرێت کە گوایە نەوشیروان مستەفا داوای لێ کردووی ببیتە ئەندام پەرلەمان لە سەر لیستی گۆڕان ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

فەرهاد بە هیچ شێوەیەك نەوشیروان داوای لێ نەکردوومە وە تا ئێستاش سالانێکی زۆرە کە گوێم لە دەنگی نەوشیروان مستەفا نەبوە وە ئەوپەری ڕێزم هەیە بۆ کاك نەوشیروان.



## عەلی کەریم بۆ چرکە

# ئەو چەند گەنجەی کە لە پەرلەمان دانراون لە ناچاری دانراون.

چاوپێکەوتن:چرکە



**چرکە:هەولێکی زۆر لە لایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە درا بۆ ئەوەی زۆرترین گەنج بێنە پەرلەمان،ئایا پێت وایە وەک پێویست گەنج هاتۆتە پەرلەمان؟؟**

عەلی کەریم: بەهەموو مانایەك ئەو هەوڵانەی لە لایەن گەنجان دران هەولی پیرۆز بوون وە لەودەریچەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەنجان پێیان وایە فیعلەن داینەمووی گۆرانکاریەکانن وەئێستا لەدنیایەکیشدا دەژین کە گەنجان سەرکردایەتی دەکەن ئێمە لە سەردەمێکداین کە سەردەمی ((ئۆباما ودیڤید وسارکۆزی ومەلیك عبداللەو

مەلیك محمد)) و خەڵكانی دیكەیە، كە بەهەموو مانایەك گەنج وگەنجانە بیردەكەنەوە لەو سەردەمەدا كە گەنجان سەركردایەتی دونیا وەردگرن دەبێ لە كوردستانیش بە هەموو مانایەك سەركردایەتی سیاسی ئەو كۆمەڵگایە بگریتە دەست. مەرج نیە هەموو سەركردەكان گەنج بن بەڵام دەبێت گەنجانیش بەشی خۆیان هەبێ لەو گۆمەڵگایە، ئێمە باس لەوە دەكەین دەڵین ئەگەر لەسەردەمیكدا خەڵكی لە بەر ئەوە جیاوازی پێ كرابێ لە دین یان نەتەوە یان رەگەزی جیاواز بوە یان لەسەر ئەساسی پارە وپول تەمایول كراوە كە هەموویان سلبین ودژبە پرنسیبی هاوڵاتی بوونن، بە دیوێكی دیكەی كاتی گەنجان جیاوازیان پێ دەكرێ و ریز لە كەفاعە و لێهاتوویەكانیان ناگیرێ وە ئەوەندە بواریان پێ دەدرێ كە ئەوان هەبن بۆ خزمەتی پیرەكان بەدڵنیایەوە ئەوەش بۆ خۆی جۆرێكە لە جیاكاری كە بە هەموو ماناكانیەوە دژ بە پرەنسیبەكانی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی بوونە، من پێم وایە ئەوەی ئێستا لە كوردستان دەیبینین لە قائیمەكانی ناو پەرلەمان ودانانی كەسایەتی وكاندیدەكانی ناوپەرلەمان گەنجان كەمترین ئاستیان پێیە كە هەرگیز شایەنی ئەوان نی یە بەراستی گەنجان دەبوایە بەلایەنی كەمەوە ربعكیان هەبووایە لەناو پەرلەمانی هەریمی كوردستان چونكە ئەم گومەڵگایە زیاتر لە روبعیكی گەنجە و گەنجانیش دەتوانن لەمعاناتەكانی خۆیان تی بگەن و كێشە و دەردو ئازارەكانیان چارەسەر بكەن. من پێم وایە چەند گەنجێكیش كە دانراون بە ناچاری دانراون لەبەر ئەوەی ئەو لیست ولایەنانە خەڵكی دیكەیان نەبووە لەو شوێنانە یان بە علاقاتی شەخیی دانراون. پەرلەمان ئەمجارە پەرلەمانێكی خالیە لە گەنج وە ئەو چەند گەنجەش كە تیدایە نوێنەرایەتی گەنجان ناكەن ئەوەند نوێنەرایەتی ناوچە جیاجیاكان دەكەن وە بە ناچاری لە لایەن لیستەكانەوە دانراون بۆیە بە راستی هێزە سیاسیەكان لە هەریمی كوردستان لەوەدا راستگۆ

**وینەی زۆر ناشیرن هەیە كە پارتی و یەكێتی لە بەر چاوی خەلک خستوە**

نەبوون ، كە دەیڵێن بواردان بە گەنجان بۆ گەیشتنە ناوەندەكانی بریارو خزمەت كردنی گەنجان و بە گەورە سەیر كردنی گەنجان و پشگیری كردنیان بۆ ئەوەی ببنە سەركردە و رابەرایەتی كۆمەڵگە بكەن، زۆرینەی هەرە زۆری لیستە براوەكان لە ناو پەرلەمان ئەوەندە گەنجیان قەبوولە كە خزمەتی بەرژەوەندیە سیاسی و ئایدۆلۆژیە بەر تەسكەكانیان بكا نەك گەنجان بەرنە ناوەندەكانی بریار هەتا كو ئەوان نوێنەرایەتی گەنجان بكەن و بە هەموو مانایەك گەنجانە بیر بكەنەوە زۆر جار دەردەچن لە وتنە حیزبی و سیاسی و ئایدۆلۆژیە بەرتەسكەكان چونكە دواجار گەنج ئەوە پێناسەیەتی((نوێبوونەوەو داهێنان و تازەگەری)) كە رەنگە ئەمە لەگەڵ زۆرینەی لیستە ركابەرەكانی ناو پەرلەمان كۆك نەبێ بۆیە ئەو رێژەی كە هەیە و ئەو چەند گەنجەی كە دانراوە و دەچێتە پەرلەمان نە لە ئاست خواستەكان و قەبارەو گەورەیی گەنجانە نە لە ئاست راستگۆبوون و بە ئەخلاق بوونی سیاسی لیستە براوەكانی پەرلەمانە و نە ئەوانیش دەتوانن خزمەتی خواستەكانی گەنج بكەن.

**چركە: زۆر قسە لە سەر بریاری گۆرینی تەمەنی ئەندام پەرلەمان كراو، كرایە(٢٥)ساڵ ئایا چەند ئەندام پەرلەمان تەمەنی ٢٥ ساڵە؟؟**

عەلی كەریم: هەرچەند لیستی كۆتایی ئەندامانی پەرلەمان رانەگەینراوەبەڵام ئەوەی كە تێبینیمان كردوە رێژەیەكی زۆر كەم دەبینرێت،ئەوانەش كە دانراون ئافرتن و لە بەر ئەوە دانراون كە ئافرەتن وە بە ناچاری بە كۆتا هاتوونەتە ناو ئەوێ ئەگەرنا ئەندام پەرلەمانە تەمەن 25 سالەكان دەگمەنن و لە پەنجەكانی دەست تێناپەرن. ئەگەر لیستەكان ئەو ناوانەی كە لە پێشەوەیان داناون تەنازول نەكەن لە چوونە پەرلەمان ئەوا بە دلنیایەوە ئەو رێژەی كە دەچێتە پەرلەمان لە گەنجانی 25 ساڵ یەكجار كەمە. ئەمەش بەشێكی بۆ ئەو ناراستگۆ بوونەی حیزبە سیاسیەكان دەگەرێتەوە كە لەگەڵ خەلك و لەگەڵ گەنجان هەیانە. من دەمەوێت ئەو رسالە بە گەنجان بدەم كە دەبێت گەنجان خۆیان قائیمەیەكیان هەبێت،گەنج رابەرایەتی خۆیان بكەن، سەركردە بن و برۆنە پێشەوەو خۆیان فەرز بكەن،لەناو حیزبە سیاسیەكانیش دەبێ خۆیان خەمی خۆیان بخۆن و شەر لە سەر ئەوە نەكەن(كاك فلان و مام فلان و پوور فلان) دەبێت شەر لە سەر ئەوە بكەن كامە گەنج دەچێتە نوێنەرایەتی و كامە گەنج رابەرایەتی ئەو حیزبە دەكات لە پەرلەمان. چركە گەنجان لە پەرلەمان لە سەر بنەمای حیزب و لایەنەكان كۆك دەبن

له سـەر پرۆژەکان یاخود تویژەکەیان؟
عەلـی کەریم:من پێم وایـە زۆرینەی له سەر ئەساسـی حیزب و لایەنەکانە.
**چرکە: رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیت چۆن بینی لەم هەڵبژاردنەدا؟**
عەلـی کەریم: مـن پێم وایـە رۆڵی کۆمەڵگـەی مەدەنی بۆ سـەر چەند ئاسـتێك دابەش دەبێ، له ئاستێکیاندا رۆڵێکی گـەورەو پۆزتڤی بینی له هەر سێ قۆناغەکەی هەڵبژاردن، لە قۆناغی وشیارکردنەوەی هەڵبژاردن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆرینەیان دەورێکی زۆر پۆزتڤ و گرنگیان هەبوو لەوەی کە خەڵکیان هاندا زۆرترین ڕێژە بەشـداری هەڵـبـژاردن بکـەن وە هەڵبژاردنەکە بە شێوەیەکی مەدەنی بەرێوە بچێت،دووەم له بواری چاودێری کردن لە رۆژی دەنگدان بەشـێکی زۆریان لە بـواری چاودێری هەڵبژاردن دەورێکی گاریگەرو گەورەیان بینی، بەشی سێیەمیان له یەك لاکردنەوەی دەرئەنجامـەکان و قبوولکـردن و بـە دیموکراسی هێشتنەوەی هەڵبژاردنەکەش دەورێکی گرنگیان هەبوو، بەڵام بەشێکی دیکـەی کۆمەڵگـەی مەدەنـی هیچ دەورێکـی نەبوو لە هەڵبژاردن کە ئەمە جێی ئەسـەفە! هـەر خەریکی هەندێك شـتی لابەلابوو کە هیـچ پەیوەندی بە هەڵبژاردنـەوە نەبوو بەشـێکی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی پالپشـتی هەندێك لیسـت و لایەنیان کرد کە ئێمە دوایی بە راپۆرتێك بڵاوی دەکەینەوە. زۆر بوون ئەورێکخراو و سەنتەرانەی کە پشتیوانیان بۆ لیستێك له لیسـتەکان دەربری وەك کۆمەڵگەی مەدەنـی نەمان ئەوان وەك دام و دەزگای حیزبـی دەرکەوتـن لە ساحەکە،کە ئەمە جێی ئەسـەفە لای من وەمـن پێم خۆش نەبـوو، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی هی هەموو خەڵکەو دەبـێ بۆ هەموو خەڵك بێ و دەبێ بێ لایەن بێ بەرامبەر خەڵك، هەتا ئەگەر کاندیدێـك هەبـوو کە لـە رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری کردوە دواجار بوە بـە رکابەر لـە هەڵبژاردندا دەبێ دەست له رێکخراوەکە بکێشێتەوە چۆنکە ئەو رێکخراو و دەزگاو سـەنتەرانەی لە ناو کۆمەڵگەی مەدەنی کار دەکەن دبێت بە هەموو مانایەك بێ لایەن بن، چونکە ئەگەر بێ لایەن نەبن سـەربەخۆ نین. عەیب نیە کابرا له حیزبێکی سیاسـی کار بکات شانازیەو مەجالێکی خزمەتە بەڵام نابێ بە ناوی کۆمەڵگەوە، چونکە ئەوە چەواشـەی کۆمەڵگەیـە و نابێ بـوارەکان تێکەڵ بکرێ دەنا ئاسـاییە کەسـێك حیزبـی بێ ورکابـەر بێ و بۆخۆی بانگەشـە بۆ خۆی ولیستەکەی بکات بەڵام له میمبەری حیزبەوە،کاتێ کەسێك له میمبەری کۆمەڵگەی مەدەنی بانگەشـە بۆ لایەن ولیستێك بکات من پێـم وایە لە دەسـت دانی بێ لایەنی و لە دەسـت دانی متمانـەی کۆمەڵگەی مەدەنی و له دەسـت دانی متمانەشە.
**چرکە: بەبۆچوونی بەرێزت تاچەندگەنجان بەشداریان لەم هەڵبژاردنـەدا کردوە؟**
عەلـی کەریم : وەك دیـارە رێژەیەکی زۆری گەنجان بەشداری دەنگدانیان کرد وە من پێم وایە لیستی گۆڕان کە لە زۆر شـوێن بردیەوە گەنجانی لە پشت بوون.
**چرکـە: دەرکەوتـوە گەنجـی گەرەکـە دەولەمەنـدەکان کەمترین بەشداریان لـە هەڵبژاردندا کـردوە کـە زۆربەیان بەرپرسـی حیزبـی و حکومیـن بـە بۆچوونـی تۆ ئەمە بۆچـی دەگەرێتەوە؟**
عەلـی کەریـم : بۆئـەوە دەگەرێتەوە کە فعلەن بەرپرسـی نابەر پرسـن واتا بـە مانایەکـی دیکە ئەوەنـدە خۆیان بە بەرپـرس دەزانن کە ئـەم ولاتە دام و دەزگاکانـی ئەم ولاتـە ئمتیازەکانی ئەم ولاتـە بۆ ئـەوان ئیحتکاربێ، بە

# بەشێکی کۆمەڵگەی مەدەنی پالپشتی هەندێک لیست و لایەنیان کرد کە ئێمە دوایی بە راپۆرتێک بڵاوی دەکەینەوە

شێوەیەك لەسەر سفرەیەكی حازر بۆیان بێ، ئامادەنین قوربانی بدەن بۆ ئەوەی ئەو حیزب گروپانەی لەپشتیانن بمێنەوە من زۆر پێم سەیرە بەڵام زۆرجاریش هەست دەكەم ئەوە سیاسەت و ستراتیژی حیزبەگەورەكانە، حیزبە گەورەكان بە راستی بەدوای كومەلیك خەلكی بە هەموو مانایەك مردو و بێ توانا و كەم تاقەو هەژار لە مەعریفەدا گەراون و دەیانكەنە بەرپرس، واتا وینەی زۆر ناشیرن هەیە كە پارتی و یەكێتی لە بەر چاوی خەلك خستوە كە بە هەموو مانایەكەوە دەیانتوانی وێنەی جوان دابنێن و دواجار روویان سپی بكاتەوە. ئێستا دەبێت ئەم ئینتخاباتە ببێتە ویستگەی بە خۆدا چوونەوەی پارتی و یەكێتی چۆنكە لە( 50بە 50 ) هێنانیە سەر (29 بە 29) وە بەراستی پاشەكشەیان بەردەوام دەبێت ئەگەر فریای خۆیان نەكەون چونكە بە دلنیاوە كۆمەلگا هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دیموكراتی بوون دەروات لە دیموكراتی بوونیشدا ئەگەر دلسۆزی و دەست پاكی و شەفافیەت نەبێ جێگەی نابێتەو. لایەنی كەم لە حوكم جێگەی نابێتەوە بۆیە ئەو بەرپرسانە لە ناوچە دەولەمەندەكان و لە ئیمتیازاتدا غەرق بوون وە كوردستان بۆتە پارچەیەكی بەهەشت بۆ ئەوان وە لە سەر حیسابی زۆرینە بەختەوەری خۆیان بنیاد كردوەو دەنگیش نادەن و پشتیوانی لە لیستی خۆشیان ناكەن و ئامادە نین باجیش بدەن كەمن پێم وایە ئەم دوو هۆكاری هەیە. یەكەمیان ئەوەیە حیزبەكانی خۆیان بە كەم دەزانن و بە گەمژەو نەزان سەیریان دەكەن ،دووەمیان ئەوەیە بە راستی ئەوانە ئیمانیان بە هیچ شتێ نیە، ئەو كاتە ئامادەن قسە بكەن كاتێ دروێنەی ئیمتیازەكانە، دەنا لە كاتی تێكوشان و هەوڵ و سەرخستنی لیستەكان دەوریان نابێ بە دیوێكی تر ئەوانە ئەسلەن بروایان بە سیاسەت نیە وبەزۆری كراون بە كوێخا لەوانەیە خوشیان هەر ئەوەندە حەزیان بەو پۆستانە بێ كە ئیمتیازە ئابووری كۆمەلایەتیەكانیان بۆ دابین بكات لەوە بترازێ بروایان بەو شتانە نەبێ لە قەدیمیشەوە وتراوە هەژارەكان داینەمۆی گۆرانن.

**چركە: گەنج تا چەند دەتوانێت چەقی گۆرانكاری بێت لەم كابینە نوێیەدا؟**

عەلی كەریم: من پێم وایە ناتوانێ چونكە گەنجان كەمینەی هەرە كەمیان لە ناو پەرلەمانن ئێتر چۆن بتوانن. گەنجان وەزارەتێكیان بۆ دروست كرا بە ناوی وەزارەتی وەرزش و لاوان كەچی هیچ شتێكی بۆ گەنجان نەكرد، جگە لەوەی چەند پەرتوك خانەیەكی كردەوە وەك لقی كتیبخانەكانی لێ هات،دواجار پلانێكیان پێشكەش بە حكومەت كرد،حكومت شت پێشكەش بە حكومەت بكات من شتی وام نەبینیوە لە دنیادا یان حكومەت رەخنە لە حكومەت بگرێت، ئەوە بۆ خۆی جۆریكە لە چەواشە كردنی كۆمەلگە بۆیە وەزارەتی وەرزش و لاوان شتێكی نەكرد شایەنی باس بێت. رۆژیك نەمان بینی رێپێوانێك بكات، رۆژێك نەمانبینی ئەو وەزارەتە ئیشێكی جدی بۆ لاوان بكات، كاتێك گەنجانیش بێ دەنگ بوون لە ئاستی ئەوەدا من دڵنیام كە ناتوانن هیچ گۆرانكاریك لەو كابینەدا بكەن.وە خالێكی ئەساسی و گرنگ هەیە كە دەبێ لەبەر چاومان بێ لێرە ئازادی ئیرادەو دەركەوتنی ئیرادە هەیە، بەڵام ئیرادەی ئازاد و گەنجانە نیە یان كەمە، واتا كەمن ئەو گەنجانەی كە دەتوانن خۆیان بە شێوەیەكی دیموكراسیانە بە سەر كۆمەلگەدا بسەپێنن، زۆرن ئەو گەنجانەی كە بۆلەبۆلیان هەیە كەمن ئەو گەنجانەی كە پرۆژەیان هەیە زۆرن ئەو گەنجانەی كە دیانەوێ گۆرانكاری بكری بەڵام كەمن ئەو گەنجانەی خۆیان دەبنە گۆران خواز،زۆر ئەو گەنجانەی كە بە شێوەیەك لە شێوەكان موستەفیدن لەو ولات بەڵام دواجاریش بێ باكن بەرامبەر كۆمەلگا بە كۆرتی و سادەیی هەرگیز ئەم كابینەیە گەنجان ناكاتە چەقی كاركردنی خۆی، بەلكو ئەمجارە ئەوەندەی لە خەمی هیشتنەوەی ئەو دوو حیزبەیە بیر لە هیچی تر ناكاتەوە.بەڵام هیوادارم گەنجان هوشیار بن دەنگیان بە كێ داوەو چۆن دەنگیان داوە لەو دەنگانە بپرسنەوە.

**چركە :رۆلی گەنج لە میدیادا زۆر جێگەی بایەخە بۆچی لە واقیعدا وانیە؟**

عەلی كەریم: خۆزگە وابا بەڵام وانیە،من پێم وانیە لە میدیاكان گرنگی بە گەنج درابێ جاروبار و تاك تاك هەندێك گۆڤارو رۆژنامە دەردەكرێ بەو ناوە كە ئەویش زۆر كەم دەچێتە سەر قەزیە ئەساسیەكانی گەنج، هەمووی شتی لابەلایەو شتی تەرفیحی و ورۆژینەرە غەیری ئەوە میدیاكان هەرگیز ئیشیان لە سەر ئەوە نەكردوەگەنجێك دروست بكەن خاوەنی فكرە وعەقلی گەورەیەوە، ئیرادەی گەورەیە، گەنجێك كە خۆی رابەرایەتی خۆی و كۆمەلگا بكات، زۆربەی شتی تەرفیحی و مامەلە كردنە لەگەڵ هەست و سۆزی گەنج هەندی شتی تیژكەروو رۆتینن.زۆربەی میدیا گەورەو گرنگەكانی ئەو كۆمەلگەیە بێ باكن بەرامبەر پرسەكانی گەنج كوا لە تەلەفزیونەكان ئەو دیمانەو رێپۆرتاژو بەرنامانەی لەسەر گەنجان دەكرێ، زۆرینەی بەرپرسی میدانیش گەنجن بەڵام هەرگیز گوێ بە گەنجان نادەن زۆرینەی رۆژنامەو گۆڤارەكانی ئەو ولاتە گەنجان دەری دەكەن بەڵام گرنگی بە گەنجان نادەن لەبەرئەوەی سیاسەتی پشتیان وانیە.نوقتە ئەساسیەكە

ئەوەیە گەنجـــان ئەوەنـــدە ئیعترافیان پـــێ دەکرێ لـــە خزمەتـــی پیرەکاندا بن لـــەوە دەرچوو هیـــچ ئیعترافیکیان نابـــێ چۆنکە لەم وڵاتـــە لە زۆر روەوە مـــردوەکان حوکمی زینـــدوەکان دەکەن.

**چرکـە: بـۆ پەرلەمـان گەنـج زۆرترین بەشداربوونی سیاسـی هەبـوو لـە دەنگدان،کەچـی لـە پلـەو پۆسـت ئـەو گرنگیـەی پـێ نادرێـت ئایا هۆکارەکـەی بۆچـی دەگەرێتـەوە؟**

عەلی کەریم: بەشـێکی لاوازی گەنجان و ملکەچـی ئـەو گەنجانەیە کە وەك پێویست لە سیاسـەت تێنەگەیشتوون، لاوازی هوشـیاری و لاوازی کەسایەتی و نەبوونی سـەرکردەی گەنجە ئەوە بە شـێوەیەکی عام،بەشی دوەمی پەیوەستە بەو سیاسـەتەی لە کوردسـتان هەیە کە سیاسـەتێکە کەمترین مسـتەواو کەمترین قورسـایی ئەخلاقـی تیدایە، واتا سیاسـەتێکی ناپۆکەری قورخکارە کەمترین ئیلتزامـی ئەخلاقی بەرامبەر وەعدەکانی خۆی هەیـە بۆیە کەمترین ریگە دەدات گەنجان بچنە ناوەندەکانی بریـارو سـەرکردایەتی چونکە دواجار گەنـج واتـا داینەمووی گـۆڕان و تازەگـەری و کرانەوە کـە ئەمەش وا دەکات خلیسـکە بە زۆر خەلك بکرێ کە لە بەرژەوەندی حیزبە دەسەلاتدارەکان و زۆر لەو لایەنانە نیە کە لە کوردستان چوونـە هەلبژاردن.بە بڕوای من حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردسـتان سود لەوە نابینن گەنجان لە شـوێنە گرنگەکان دابنێن، گەنجی راستەقینە ئەو گەنجەی کـە بڕوای بە تازەگـەری و نوێبوونەوە هەیـە ئەو گەنجـەی کە لـە گۆران ناترسێ،گۆڕان بە مفهوومە عامەکەی مانـای تازەگـەری لـە کۆمەلگەدا، ئەگەر گەنجان سـەرکردایەتی بکەن لە کوردستان کەی کۆمەلە کەسایەتیك بەس



# دەبێت پارتە سیاسیەکان راستگۆ بن لەگەڵ ئەو دروشـمانەی بەرامبەر گەنج هەڵیان گرتوە

پارەی بەنزینی سـەیارەکانیان مانگانە زیاتـر دەبێ لە پەنجـا دەفتەر، ئەگەر گەنجان لە کوردسـتان سەرکردایەتی و رابەرایەتـی بکەن چـۆن دەبێ برگەی میزانیەکان لە پەرلەمـان بخوێنریتەوە بەلام پارتـی و یەکێتی هیچ برگەیەك نایانگرێتەوە یەکی زیاتر لە سـێ ملیون دۆلار بۆخایان.ئـەوە لـە لای گەنجان کەمتر دەروا ئیلا ئەو گەنجانەی کە پیر بوون یان پیـر کراون یاخود خزمەتکرای پیرەکانن.بۆیـە دەلێم ئەو سیاسـەتەی کـە ئەخلاقی تێدا نیـە پابەند نابێ بە بەلێنەکانـی بۆیە گەنجـان هاندەدات بەشـدار بن وەك دەنگدەرو سـەرخەری لیسـت و قائیمـەکان بـەلام هەرگیز گەنجان هان نـادەن ببنە خاوەنی بریار.

**چرکـە: چـی بکرێت بۆ ئـەوەی گەنج کائینێکـی کارا و کاریگەر بێت کە هەم حکومـەت و هـەم دەسـەلاتی سیاسـی بـە جدی توانـای گەنـج وەربگرێـت؟**

عەلی کەریم: پێویستمان بەوەیە گەنج خۆی بدۆزێتـەوە و بگەرێتەوە بۆ خۆی

و بکەوێتە مەنەلۆگێکی راستەوخۆ لەگەڵ خۆی، لە خۆی بپرسی ئەو کێیەو چی دەوێ لە ژیاندا کە جوابی ئەو پرسیارەی دایەوە، بە دلنیایەوە دەتوانێ راستەرێیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە دواتر بیگەینێتە ئامانجە بالاکان. دەبێ گەنجانی ئێمە ئەو دوو سیفەتە بێنە ناو خۆیان جورعەت و وشیاری، چونکە لای ئێمە تا ئێستا ئەو دوو سیفەتە لە ناو گەنجانجاندا نیە بوێری و وشیاری، کەسێك بوێری و وشیاری تێدا بوو دەست پێشخەری تایبەت دەکات واتا هەست بە لێپرساویەتی دەکات،دەبێ گەنجان پلانیان بۆ ئایندەی خۆیان هەبێ واتا گەنجان کە بۆ خۆیان گەرانەوەو جورعەت و وشیاریان تێدا هەبوو تێدەگەن رۆلیان لە کۆمەلگە چیەو دەبێ بۆ کوێ هەنگاو بنێن ئەو کاتە بە دلنیایەوە پلانیان بۆ ئایندە دەبێ کە پلانیان هەبوو ئامانجی گەورە دادەنێنن و دەبنە سەرکردە. واتا دەبێ ببینە خاون گەنجێك کە دەزانی کێیەو چ دەکات چۆن وا دەکات و بۆ کووی دەچێت.پێویستمان بەوەیە پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان رێگە بکەنەوە گەنجان بگەنە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیان واتا پارتە سیاسیەکان راستگۆ بن لەگەڵ ئەو دروشمانەی بەرامبەر گەنج هەلیان گرتوە و بووار بدەن گەنجان بێنە سەرکردایەتی، دەبێت لە دەسەلاتی سیاسی و لە حکومەت سیستەمی کۆتا دابنرێ واتا چۆن بۆ ژنان رێژەیەك هەیە کە نابێت لە روبعێك کەمتر بێدەبێ بۆ گەنجانیش سیستەمی کۆتا دابنرێ لە پەرلەمان و لە دەزگا گشتیەکان و لە ئەنجوومەنە گشتیەکان، دەبێت گەنجان بەشداری بکەن، دەبێت کۆمەلگەی مەدەنی بێتە پشتی گەنج و کێشەکانی و پرسەکانی گەنج بکا بە تەوەری ئەساسی کار لە سەر کردن و پالپشتی بۆ قەزیەکانی دروست بکات و گەنجان بکا بە سەرکردە وەك فێرگەیەك هەم گەنجان پێبگەینە هەم پالپشتیان بکا بۆ ئەوەی بگەنە ناوەندەکانی بریار،دەبێ میدیاکانیش ببنە پالپشتێکی راستەقینەی گەنجان و توانای گەنجان دەرخەن و بە دوای گەنجە داهێنەرەکاندا بگەرێن و کۆمەلگە بخەنە سەر ئەو باوەرەی کە گەنج واتا سەرکردایەتی تازەگەری و نوێبوونەوە گەنج، واتا گەنجینەیەکی لە بن نەهاتوو دەبێت کۆمەلگە وا لی بکەن ئیعتراف بە گەنج بکا و هیچی تر وا بیر نەکاتەوە کە بە توانایەو پێویستی بە کەسێك هەیە کە بیژیێنی و تەعینی بکاو نموونەی ئەو گەنجانە بشارنەوەکە ماقە سەرەتاییەکانی خۆیان لێ بزر بوە، وە ئەو گەنجانە بەدەر خەن کە دەتوانن سەرکردایەتی کۆمەلگە بکەن،دەبێت ناوەندە زانستیەکان لە ئاستێکی بالا دابن و نامەی توێژینەوەکان و دکتۆراو ماجستەرەکانیان بێنە سەر پرسەکانی گەنجان، لێکۆلینەوە لە سەر قەزیەو کێشەو خواستەکانی گەنج بکەن کە لە بوارە تیوریەکەدا رەهەندێکی ئەکادیمی وەربگرێ و کەمەلگا گوێی لەو رەهەندە ئەکادیمیە بگرە، واتا زانکۆکان کە ئێستا مردوون و هیچ رۆلێکیان لەو کۆمەلگەیە نیە جگە لەوەی فەرمانبەر بۆ ئەوکۆمەلگەیە بەرهەم دەهێنن دەبێت بە راستی ببنە ناوەندی بەرهەم هێنانی نامەو توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەر گەنجان و پرسەکانیان و پێش خستن و کارا کردنیان، دەبێت لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوانەی خاوەن نفووزو کاریگەرین وەك مامۆستایانی ئاینی و رۆشنبیران و توێژەران و رۆژنامەنووسان بێنە پشت گەنج کە ئەمە بۆ خۆی خالێکی زۆر گرنگە وەمن لە سەر ئەوە دەوەستم کە رۆشنبیران با چیتر باسی چەمکە فەلسەفی و ئەبسترابت و رووت و قوتە دوور لە واقعەکان نەکەن یان هەر رەخنە نەگرن لە پارتە سیاسیەکان و بە دوای ئەودا بگەرێن ئەو وای کرد ئەوە بەشێکە لە حالەتێکی ئیجابی کاتێك بە شێوەیەکی سیستماتیزی دیموکراتی دا دەروات بەڵام دەبێت کار لە سەر ئەوە بکەن گەنجان خۆیان ببنە قەزیە لە میدیاو سەحافەو لە ناوەندە رۆشنبیریەکان، گەنجان و پرسەکانی گەنجان داواکاری و خواستەکانیانو مکانیزمە بە کارهێنراوەکانیان ببنە بابەتی توێژینەوەو بە دواداچوون و کورە رۆشنبیری و سەقافیەکان، و کۆمەلگە بەدواداچوونی لە سەر بکات واتا دەبێ کار لە سەر ئەوە بکەن ،بیکەن بە بابەتی رۆژ کاتێکیش کرا بە بابەتی رۆژ رای گشتی لە سەر دروست دەبێت، دوای ئەو ئوتوماتیکیەن گەنج دەکا بەو پرسەی کە کۆمەلگە بیری لێ دەکاتەوەکە بیریشی لێ کردەوە قۆناغێکی تر دروست دەبێت کە ئیعتراف دەکا کە کێشەی هەیە و دەبێ ئەو کێشانەی بۆ چارەسەر بکا من پێم وایە ئەگەر لەو ئاستانە کارمان کرد دەتوانین ببینە خاوەن گەنجی کاراو کارامە کە سەرکردەیەك خۆی دۆزیوەتەوەو دەزانی چی دەوێ و چ دەکا، دەزانی ئەو کێیەو لە کوردستان چی دەوێ، لە هەمان کات بە هەموو مانایەك نەك هەر رابەرایەتی خۆی رابەرایەتی هەموو کۆمەلگەش دەکات.

**چرکە : هیواش هێواش گەنج خەریکە دەسەلاتی ئابوری دەگریتە دەست پێت وایە لەم مەجالە دەسەڵاتی ڕەها بە گەنج دەدرێت؟**

عەلی کەریم :من پێم وانیە دەسەلاتی ئابوری دەگریتە دەست، بەلکو گەورەترین کێشەی گەنج ئەمرۆ لە کوردستان کیشەی

ئابووریە، زۆرینەی هەرە زۆری گەنجان ئەمرۆ بێکارن یان داهاتێکیان هەیە کە بەشی بژێوی ژیانیان ناکات زۆرن ئەو گەنجانەی کە لە دوو شوێن کار دەکەن و هەژارن، زۆرن ئەو گەنجانەی کە لە بەر نەبوونی پارە ناتوانن پرۆسەی هاوسەر گیری پێك بهێنن، زۆرن ئەو گەنجانەی لە بەرئەنجامی تەعین نەبوونیان دوای خوێندنێکی دوور و درێژ تووشی بە کارهێنانی مادە بێ هۆش کەرەکان و هەندێك حالەتی سلبی و نێگەتف دەبن، کە چارەسەریان زۆر قورسەو خۆیان و کۆمەلگەش باجی دەدەن وە زۆرن ئەو گەنجانەی لە ئەنجامی نزمی ئاستی ئابووریان روو دەکەنەو دەرەوەو لە هەندەران دەژین یاخود ماسیەکانی دەریای ئیجە دەیانخوا،بە کورتی کۆبەندی گەنجان دەسەڵاتی ئابووری ناگرنە دەست بەلکو پێم وایە هەژارترین کەسی کۆمەلگە گەنجانن کە ئەمەش بۆ خۆی کۆمەلێك دەرئەنجامی سلبی بەرهەم دەهێنێ.

**چرکە : زۆر جار گەنج کە داوای مافی خۆی دەکات دەڵین یاخی بوە،ئایا ئەم یاخی بوونە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتە یاخودبۆگەیاندنی پەیامی گەنجبوونیەتی؟**

عەلی کەریم : دەکرێت هەردووکیان بێت بەڵام دەبێ چەمکی یاخیبوون لێك بدەینەوەو لە سەری بوەستین من پێم وایە ئەو دەسەلاتەی کە بروای بە خۆی نیەو لە هەموو شتێك دەترسێ لە خشەی دەرگایەك و لە جیرەی قەلەمی رۆژنامەنووسێك و لە هاواری دوو گەنج و.... ئەو دەسەڵاتەیە کە دیکتاتۆرەو، لەرزۆکە، لە بەر ئەوەی ئەساسەکانی راست نین لە سەر ئەساسی گەندەلی و پارەی حەرام و مەسئولی نامەسئول دروست بوە دەنا دەسەلاتێکی تەندروستی دیموکراسی ئەسلەن بە لایەوە زۆر ئاسایە،رۆژانە سەد خۆپشاندان لە پاریس و برۆکسل و واشنتون هەیە بە بەردەوامی رۆژانە دەبینین بەرامبەر کۆشکی سپی خۆپێشاندانە هەمووی گەنجن و توێژە جیاجیاکان بەڵام ئەو حکومەت و ئەو

## دەبێت ئەم ئینتخاباتە ببێتە وێستگەی بە خۆدا چوونەوەی پارتی ویەکێتی چۆنکەلە ( ٥٠به ٥٠ ) هێنانیە سەر (٢٩ به ٢٩)

دەسەڵاتە لەوە ناترسی ئاسایشیشیان بۆ دابنێ بۆیە ئەو چەمکی یاخی بوونە جۆریکە لە تۆمەت کە دەسەلات بە حازری دەیخاتە پاڵ گەنج،جا خۆزگە هەر یاخی بوون بوایە پێیان دەلێن گێرە شێوین، واتە ئەوان تێکدەرن ئەمانە بۆ خۆی کۆمەلە موستەلەحێکە دەسەلاتی ئێمە لە بەعس بۆی ماوەتەوەبە کاری دەهێنی، سەیرەدەسەڵاتێك پێشتر بەعس بەخۆی دەگوت ئەوانە هەموو گێرە شێوێنن و موخەریبن و تیکدەرن ئیستا ئەو دەسەلاتە لە بەرامبەر ئەوەی گەنجان داوای خواستەکانی خۆیان بکەن ئەو ناو و ناتۆرەیان بۆ دابتاشێتەوە، من پێم وایە لە بری ئەو ناو و ناتۆرانە دەبێت دەسەڵات بگەرێ و گوێ لە گەنجان بگرێ دیالۆگێکی راستەوخۆ و راستگۆیانەیان لەگەڵ بکات لە زۆر شوێنی ترێش وتوومە یەکێك لەو چارەسەرانە ئەوەیە دەسەلات راستگۆ بێت لەگەڵ گەنجان یان بێت لەگەلیان دابنێشی و راستەوخۆ و راستگۆیانەمامەلەیان لەگەڵ بکات.بۆیە ئەگەر گەنجان یاخی بن یاخی بوونێکی دیموکراسیانە، ئەوە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پۆزتفە بەرەو بە دەست هێنانی ماقەکانی و گەیشتنە دەسەلاتی سیاسی.

**چرکە: دەسەلات ئەوەندی سنگی گەنج بە گولەوە دەوەنێت ئەوەندە ماقە رەواکانی خۆی دەداتێ؟**

عەلی کەریم : ماف دەستێنری و نابەخشرێنابێ چاوەرێ بین دەسەڵات ماقمان بداتێدەبێ دەسەلات ناچار بکەین ماقمان بداتێ، ناچار کردن بەشێکی لەوەوە دێت ئەو حیزب و لایەنانەی کە بروایان بە سەرکردایەتی گەنج هەیە دوواجار مراقب نین لە سەریان بزانن راستگۆ دەبن لەگەل ئەو حالەتانە، گەنجان ئەمرۆ لە کوردستان تووشی گولە نابن بەڵام بە دیویکی تر ئەوەندەی دەسەڵات حەزی لێیە گەنجی لە دەور بێت بۆ خزمەتی پیرەکان بە کاری بهێنێ هەرگیز حەزی لێ نیە وەك پیرەکان ریزیان لێ بگرێ و بە یەك چاو سەیریان بکا.

چرکە :دەسەلات دوای ئەوەی هەلوێستی گەنجی لە بەشداری سیاسیدا بینی ئایا لە ئێستادا چۆن دەتوانێ خزمەت بەو توێژە بکات؟

عەلە کەریم: بە هەمەموو مانایەك

دەتوانێ خزمەت بکا ئەگەر مەبەستی بێ ،هەشت ملیار دۆلار لە بەغداو دێ بێجگە لەو پارانەی کە لە هەریمی کوردستانە، پارەکە رەقەمێکە کە بەز بە خەیال دەوترێ بۆیە بە راستی حکومەتی هەرێم ئەگەر راستگۆ بێت و حیزبە سیاسیەکان بە ئەخلاقەوە سیاسەت بکەن لە کوردستان دەتوانن خزمەتێکی زۆر گەورە پێشکەش بە گەنجان بکەن.ئەو کاتە بە بەشداری گەنجان نیشتمان بۆ گەنجان دروست دەکەن.

**چرکە : ئایا گەنجی ئێستا وەک پێشتر بیر** باشی نابینێت؟ واتا یاسا ناتوانێت ڕێگە لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بگرێت؟

عەلی کەریم : کێشەی کۆمەلایەتی و ئەو دیاردە سلبیانەی کە توشی گەنج دەبن لە هەموو دنیا هەیە بەڵام بە ئاست و رێژەی جیا جیا، لە کوردستان دەسەلاتی سیاسی ئەسلەن ئیعترافی بە گەنج نەکردوە بەوەی کە کائینێکە هەیە و دەبێت بیر لە کیشەکانی بکرێتەوە کە چی و چین، وەك مجامەلە وەزارەتێکی بۆ دروست کرد کەمترین شتی بۆ گەنج کرد بۆیە بەراستی لێرەدا دەسەڵات بە ئەرکی خۆی گەنجان سەرکردایەتی کۆمەلگە بکەن سەرکردایەتیەکی ئەقلانی کە بە هەموو مانایەك دیموکراسیەت و شەفافیەت و هاولاتی بوون دەبنە پرەنسیبە ئەساسیەکانی کار کردن وە لە سەر ئەو ئەساسەش تەقیمی خەلك و میلەتان دەکرێ، من دەمەوێ دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان لەمەودا کە خیتابی لەگەڵ گەنج کرد راستگۆ بێت وە راستەوخۆ پێیان بلێ چی دەتوانێ بۆیان بکاو چی ناتوانێ وە گەنجانیش لەمەودوا سەرکردایەتی کۆمەلگە وەربگرن بەڵام

# دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان حەزی لێیە گەنج بکەوێتە گرتووخانەکانەوە نەک بیانباتە ناو پەرلەمان و سەرکردایەتی سیاسی

**دەکاتەو لە گۆرانکاریە کۆمەلایەتیەکان یاخود سەرکەشی دەکات؟**

عەلی کەریم : رەنگە هەردووکیان بێت ئەوە دەکەوێتە سەر ئاستی گەنجەکە بەڵام زۆرینەی گەنجان ئەمرۆ لە بەرئەنجامی ئەو هەموو ناعەدالەتی و ستەم وچەوسانەوەی بەرامبەر ماف و ئازادیەکانیان لە کوردستان کراوە بە راستی نەوەیەك دروست بوە تورە و بێ باك و یاخی لە هەموو شتێك کە فشەی بە هەموو شتێك دێت و بێ ئینتمایە لە هەموو شتێك کە ئەمە بۆ خۆی یئشکالیەتە،بەڵام کێ لێی بەرپرسە بە پلەی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی و دوو حیزبە دەسەلاتدارەکە.

چرکە :لە کوردستان هەمیشە گەنجان تووشی گرفتی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لەم بوارەدا بۆ دەسەلات ئەرکی خۆی بە بەرامبەر گەنج هەلنەستاوە، کاری بۆ نەدۆزیونەتەوەو بواری بۆ فەراهەم نەکردوون سەفەری یاسایی بکەن بۆ دەرەوە بواری بۆ نەرەخساندوون بچنە ناوەندە گرینگەکانی بریاری سیاسی، بواری بۆ نەرەخساندون قورسی بواری کارو ئیقتسادیان هەبێ، واتا لە هەموو رویەکەوە دەسەلاتی سیاسی کەم تەرخەم بووە دانی پێدانەناون و هەولی نەداوە گەنج بکات بە قەزیە لە ستراتیژیەتی دوور مەداو پلانی کاری خۆی، دای نەناون وەك قەزیەیەکی دەرەجە یەك بۆیە گەنجان تووشی کێشەی جوراو جۆر دەبن بە بەردەوامی و دەسەلاتیش بێ باکە لە بەرامبەری.حەزی لێیە بکەوێتە گرتووخانەکانەوە نەك حەزی لێیە بیانباتە ناو پەرلەمان و سەرکردایەتی سیاسی. لە کۆتایدا هیوادارم بگەینە قۆناغێك بۆ سەرکردایەتی کۆمەلگە دەبێت سەرکردایەتی خۆیان وەربگرن واتا ئەوی پەیامێکی بۆ خۆی پێ نەبێ ناتوانێ پەیامێکی بۆ کۆمەلگە پێ بێ، ئەوەی رابەرایەتی خۆی نەکا ناتوانێ رابەرایەتی کۆمەلگە بکا، ئەوەی لە باتی خۆی بیر نەکاتەوەو بریار نەدا ناتوانێ لە باتی خەلکی تر بریار بدات بۆیە ئیمانێکی زۆر قولم بەوە هەیە گەنجێکی سەرکردە کە بە هەموو مانایەك تایبەتمەندیەکانی سەرکردەیەکی گۆران خوازو گۆڕان هێنی تیدایە دەتوانێ کۆمەلگەیەکی دیموکراتی وا دروست کە تیدا رێز لە هەموو ماف و ئازادیەکانی ئینسان بگیرێ و هەموو خەون و خەمەکانی کۆمەلگە بکاتە سەر شانی خۆی نەك بە عەکسەوە ببێتە بار گرانی بە سەر شانی کۆمەلگەوە.

# ئەردۆگان: کاتێک گوێ لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و گۆرانیی
# دەگرین هەست بە خرۆشانێکی گەورەی سۆزمان دەکەین



(رەجەب تەیب ئەردگان) سەرۆك وەزیرانی تورکیا چەند رۆژی رابردوو دووپاتی کردەوە بەرنامەی حکومەتەکەی کە تایبەتە بە کرانەوەی دیموکراسی لەسەر مەسەلەی کورد لەو وڵاتە بەرنامەیەکی پتەوە و هەنگاوێکی نوێیە لە مێژووی وڵات، لەمبارەیەوە ئەردۆگان گوتی «پێویستە لە تورکیا کلتور و رۆشنبیرییەکی گشتی وا بخولقێنین کە ببێتە هێما و ئاماژە بۆ سەرجەم ئەو پێکهاتانەی لە تورکیا دەژین، بە چاوپۆشی کردنی ئینیتمای نەتەوەییان، ئێمە وەکو حکومەت بەردەوام دەبین و نیازمان هەیە بەردەوامی بەو بەرنامەیە بدەین»، لە درێژەی لێدوانەکانیدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە وتارێکیدا لەبەردەم کوتلە پەرلەمانییەکەی حزبەکەی لە رۆژی (12/8) گوتی «کاتێ

# ەکانی هەڵەبجە و غەزالی غەزالی شڤان پەروەر

ئا: هێژا گەرمیانی





گوێمان لە ســرودی نیشتمانیی تورکیا دەبێت لێدانی دڵمان زیاد و خێرا دەبێت، لەکاتــی گوێگرتنیش بــۆ گورانیی (ئەلیمن) چاوەکانمان پڕ فرمێسك دەبن، هەروەها کاتێك گوێ لە شــیعرەکانی فزولی دەگرین روحمـــان دەهەژێت، بە هەمان ئاســت هەســت بە بومەلەرزە و خرۆشانێکی گەورەی سۆزداری دەکەین کاتێ گوێ بــۆ دێڕەکانی ئەحمەدی خانی دەگرین، هەســت بە موچە ڕکە دەکەیــن و دنیامان بەســـەر دادەکەوێت کاتێك گوێ بۆ گۆرانییەکانی هەڵەبجە و غەزال غەزالی شڤان پەروەر دەبیت»، ئەردۆگان ئەم لێدوانانەی دا کەبەمەستی زیاتر سەرنجڕاکێشـــانی کوردەکان بوو، ئەو قسانەشـــی کە کردنی کاریگەریی خۆی لەســەر کــوردەکان و بەتایبەت هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە بەجێهێشـــت، لە درێژەی لێدوانەکانیدا سەرۆك وەزیرانی تورکیـــا گوتی « لێـــرەدا دەڵێم هیچ کەســـێك ناتوانێت بمانکاتـــە دوژمنی یەکتر، هیچ کەسـێکیش مافی ئەوەی نییە ئاســتی نیشــتمانپەروەریێتی من بپێوێـــت، پرۆژەکەم پرۆژەیەکی یەکێتی نیشتمانییە، لەم مینبەرەشەوە بانگەشەی حیزبە بەرهەڵســتکار و ئۆپۆزسیۆنەکان دەکەم و پێیان دەڵێم بۆچی لەبەردەم ئەم پرۆژەیەماندا دەرگاکانتان دادەخەن، وەرن با پێکەوە کار بۆ جێبەجێکی ئەم پرۆژە نیشتمانییە بکەین، ئەم پرۆژەیەم پرۆژەی کرانەوەی دیمەکراسییە و مەبەست لێی دۆزینەوەی چارەسەرییەکی هەمیشییە و بەردەوامـــە بۆ مەســـەلەیەکە چەند ســـاڵێکی دوور و درێژە کەڵەکە بووە«. لەلایەکی دیکـــەی وتارەکەیدا لەبەردەم کوتلـــە پەرلەمانییەکـــەی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئەردۆگان گوتی «تورکیا قوربانیی زۆر گـــەورەب داوە لە بوارەکانی وزە و بودجە و ئاڵۆزبوون و ناسەقامگیربوونی ئاســـایش و ســـەلامەتی وڵاتەکەمـــان بەهۆی کردە تیرۆریســـتییەکان، بەڵام هەمووان بانگ و داوەت دەکەم بۆ ئەوەی رەخنە لە خۆ بگرن و پەنجە بخەنە سەر هەڵەکان، بۆ ئـــەوەی کەس جورئەت و زات نـــەکات برایەتیمـــان تێکبدات و جیاوازی بخاتە نێـــوان هاوڵاتیانمانەوە، هەموومـــان بە تورك و کـــورد و لاز و شەرکەســـەوە براین، من دڵنیام لەوەی لـــە بەجێگەیاندن و سەرخســـتنی ئەم پـــرۆژە نیشـــتمانییەدا ســـەردەکەوین، ئەم پرۆژەیە یەکێتیمـــان پتەوتردەکات، بەســـە تاکەی دایکان بگرین، چی لە هەکاری بێت یان لە یوزکات، ئەوانەی هـــەوڵ دەدەن تەگەرە و کێشـــە بخەنە بەردەم پرۆژەکەمان زیان بە نیشـــتمان و بە خۆیانیش دەگەیەنن». جێی ئاماژە بۆکردنە لە سەروبەندی وتارە حەماسی و سۆزدارییەکەی ئەردۆگاندا چەندین پەرلەمانتار دەستیان بەگریانی توند کرد.

# موقتەدا سەدر رێگە بە ئەندامانی سوپای مەهدی دەدات حەشیشە بکێشن



بەپێی نوسراوێکی فەرمی کە کۆپییەکی دەست گۆڤار چرکە کەوتووە، (موقتەدا سەدر) سەرکردەی گرووپی سەدر و سوپای مەهدی لە عێراق، پاش ئەوەی لەلانە ك ژمارەیەك لە بە ڕێوەبەران و نوێنەرانی خۆی داوایەکی ئاڕاستە دەکرێت بۆ حەڵالکردنی کێشانەی حەشیشە، سەدر رازی دەبێت لایەنگران و پەیڕەوکارانی گرووپەکەی ئەم کارە بکەن و خوا گوناهیان نانوسێت و بۆ ئەمان شتێکی ئاساییە.

بەپێی ئەو نامەیەی کە کۆپییەکی لێرەدا بڵاوکراوەتەوە نامەیەك لە کۆمەڵێك لە ئەندامانی سوپای مەهدی رەوانەی موقتەدا سەدر کراوە بۆ ئەوەی رێگەی کێشانی حەشیشەیان پێبدات، لەمبارەیەوە لەو نوسراوەدا پەیڕەوکارانی سوپای مەهدی دەڵێن «ماوەیەکە لە نێو پەیڕەوکاران و ئەندامانی سوپای مەهدی روحمان بە قوربانی بێت، زۆربوونی کێشانی ئەندامەکان بۆ حەشیشە و ماددەی هۆشبەرە زۆر بووە، دەشڵێن ئەو حەشیشەیە حەشیشەی ئیمامی مەهدییە و بە (مەهدییە) دەناسرێت، دەڵێن بەڕێز و گەورەمان مەهدی خوا دەرکەوتنی خێرابکات پاش چاوپێکەوتنی بە بەڕێزتان رێگەی بە کێشانی داوەن ئایا ئەم هەواڵە راستە و ئایا ئەم فەرمان و رێگە دانە لە سەرکردایەتییەکە دەرچووە، یان بەتەنها پرۆپاگەندەیەکە لە نێو ئەندامانی سوپای ئیمام بڵاوکراوەتەوە و هیچ راستییەکی تێدا نییە، چونکە بڵاوبونەوەی کێشانی مادده هۆشبەرەکان و حەشیشە لە نێو ئەندامانی سوپای مەهدی زۆر کاری کردووەتە سەر رێکخستنی رێکخراوەکە و بەتایبەت ئەو کەس و ئەندامانە، داواتان لێدەکەین وەڵاممان بدەنەوە، خوا جەزای بەخێری چاکەکاران دەداتەوە«. هەروەها ئەم نامەیە کە لە لایەن گرووپێك لە پەیڕەوکاران و ئەندامانی سەپای مەهدی ئاڕاستەی موقتەدا سەدر کراوە بەرواری (2ی رەمەزای/1426) ی کۆچی هەڵگرتووە.

پاش گەیشتنی ئەو نامەیە بە دەستی موقتەدا سەدر، ناوبراو بەم شێوەیە وەڵامی ئەندامانی سوپای مەهدی دەداتەوە «بەناوی خودا، بەڵی لە دواین چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ بەڕێز و گەورەمان ئیمام مەهدی خوا دەرکەوتنی پیرۆزیان خێراتربکات، گفتوگۆمان لەسەر ئەم بابەتە کردووە و ئیمام رێگەی پێمام داوە حەشیشە بکێشین، درود و سە ڵامی خوای گەورەی لێبێت گوتی (شیفای نەخۆشی و لابەری خەم و دڵتەنگییە و نزیککردنەوەیە لە خودا، بۆیە بۆ سوپای مەهدی و بەتایبەت لایەنگرانم حە ڵالە، کێ دەیەوێ بمبینیت پێویستە حەشیشە بخوات)، منیش لەپێناو ئەوە فەرمانمان دەرکردووە بە ئاسای بەکارهێنانی حەشیشەی ئیمام و دابینکردنی بە نرخێکی گونجاو و دابەشکردنی بەسەر ئەندامانی سوپای مەهدی بە بێ بەرامبەر، داواکارایین ملکەچی فەرمانەکان بن».

لە خوارەوەی ئەو نوسراوە کە مۆ و ئیمزای خودی موقتەدا سەدر سەرکردەی سوپای مەهدیی پێوەیە تێبینییەك نوسراوە بەوەی تکایە ئەم فەتوایە نەخرێتە بەردەم هەموو خەڵك، بەڵکو لە نێو ئەندامانی سوپای مەهدیدا بێت. ئەم وەڵامەی موقتەدا سەدر لە (3/ی رەمەزانی/1426)ی کۆچی نوسراوە.

# باڵەکانی ناوبزوتنەوەهەرلەسەرەتاوەتائەمروبەرەوهەڵکشان یان دابەزین؟

## ڕاپۆرتی شیکاری «بڕواگەرمیانی



لەسەرەتای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستاندا لەدوای هەردوو حیزبەدەسهڵاتدارەکەی کوردستان بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق بەڕابەڕایەتی مەلاعوسمانی کۆچکردووکەخۆیان بەجولانەوەیەکی ئیسلامیانەی پارێزگاری لەموقەدەساتی دینی دەناساندلەڕوی قاڵبی دەرەوەیاندابەڵام لە ناوەرۆکدابەپێچەوانەوە؟!! !واخۆیان دەردەخست کەمزگەوتەکان ئەوان پارێزگاری لێدەکەن ئەگیناسەردەمانێکهڕوخابون بەڵام بزوتنەوەئاودیوکراومزگەوتەکانیش هەروەك خۆیان مانەوەبگرەهیتریش کرایەوەوزیادکرا، ئەوان بون بەقەڵغان بۆبونی سەرپۆش بەسەرئا فرەتانی کوردستانەوەئەگیناهەرلەزوە وەلەسەریان داکەنرابوو.................. تد،وەخۆیان بەهێزی سێهەم ئەژماردەکردلهڕوی سەربازی و ڕێکخستن و خاوەن جەماوەری بونەوە،هەرچەندە بزوتنەوە لەوساتەوەخاوەن چەندین باڵ بوون (عەلی باپیربەجیاکرێکاربەجیابنەماڵەی عبد ا لعز یز بە جیا هە و ر ا میە کا ن بەجیا..........)وەتەنانەت لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوەهەرجیابون و ڕاگەیاندنێکی یەکگرتویان نەبووهەریەکەیان بۆخۆیان خاوەن میدیای تایبەت بەخۆیان بون وەك سەرکردەیەکی ناوبزوتنەوەدەڵێت «ئێران زۆربەی سەرکردەکانی بزوتنەوەی گرتبوو دەست کەلای خۆی وپارەی خستبۆ ژێردەستیان بەئارەزوی خۆیان تەراتێنیان پێدەکرد تەنها بەمەلاعوسمان نەدەوێرابیکەنە دەستکەلا ئەگینا ئەوانی تر مەگەر چۆنها ئەگینا سیاسەتی ئێرانیزمی بە گوێداچرپابوو،وە ئەو سەرکردانەی کە بەگوێی ئێرانیان نەدەکرد سەرکردەئێرانیەکان بە هەموو جۆرێك هاوکاری مادی

ومەعنەویان نەدەکردن ،بزوتنەوە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوەبە بێ هۆلە بڵند گۆی مزگەوتەکانی خۆیانەوە بانگەشەی جیهاد وقیتالیان بە ئاشکراوبە بێ پەردەڕاگەیاند دژ بە سەرجەم حیزبە عیلمانیەکان چونکە بێجگە لە خۆیان کەسی تریان بە موسوڵمان ئەژمار نەدەکرد تەنانەت حیزبە ئیسلامیەکانی تریشیان بەترسنۆك ناو دەبرد کە ئەو کاتە ئیخوان هەبون خۆیان ئیعلان نەکرد بوو وەك حیزبێکی ئاشکرا،وە بزوتنەوە و بەشداری کردنیان لە حکومەت و پەرلەمانی کوردی بە بقە دەزانی ؟!!!کاتێکیش کە کەوتنە شەڕە وتێك شکان، ئەم بزوتنەوەیە هەر لە شەڕەکانی لەگەڵ حیزبە عیلمانیەکان ئەم هێزی سێیەمە وردە وردە باڵانسیان ڕووی لە کەمی دەکرد لە هەموو ڕوەکانەوە پاش ئاودیو کردنیان بەرەو ئەو دیو سنور و خۆڕێکخستنەوەیان لە وێ ،بە هیمەتی دڵسۆزان لە بەر هەلو مەرجەی ئەو کاتەی کوردستان کە دوژمنانمان دڵ خۆش نەبن بەو شەڕە ناوخۆیی یەی کوردستان بە باش زانرا کە بزوتنەوە پەند لە ڕابردوو وەربگرنو بێنەوە کۆڕی خەبات ئەوە بو گەرانەوە بە ئومێدی ئەوەی ئەوانیش وەك تێکڕای حیزب ولایەنەکان خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەن ،بەلام پاش ماوەیەك پەندیان وەرنەگرتەوەو دیسانەوە دەستیان کردەوە بە شە ڕگێڕان وکافرکردنی ئەم لایەن وناوبردنی ئەو لایەن بە مورتەد ئیتر بە تێپەڕبونی کات بزوتنەوە بە هۆی کێشەو گرفتە ناوخۆیی یەکانیەوە تا ئەهات ئاڵۆزتر دەبوو باڵو کوتلە هەر لە سەرەتای ڕاپەرینەوە بونیان هەبووە کە باڵی مەلا کرێکارخۆیان جیاکردەوە بەڵام ئاشت کرایەوەو لەحیم کرایەوە،کادیرێکی دەست لە کارکێشاوەی ئەو حیزبە پێی وابوو کە«بزوتنەوە هەر لە کاتی مردنی ڕابەرەکەیان مامۆستا مەلا عوسمان تەواو پوکایەوەو خۆری دەم کەلیان ڕوو لە ئاوابون بوو پاش ئەویش مەلا عەلی برای پۆستی ڕابەری گرتە ئەستۆ بزوتنەوە وەك مۆمێکی کزی لێهاتبوو ،کاتێك پرۆژەی یەکگرتن لە لایەن بزوتنەوەوە لە سەردەمی مەلا عەل یدا پێشکەشی هەر یەکە لە یەکگرتوی ئیسلامی و بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی (نەهزە) کرا یەکگرتوو لە بەر ئەوەی ئیعازی لە میسرو ئوردونەوە بۆ دەهات ڕەفزی ئەو پرۆژەیەیان کرد؟!!!چونکە ئیخوانی عالەمی ڕەفزی هەموجۆرە یەکگرتنێکی لەگەڵ حیزبە ئیسلامیە توندڕەوەکان دەرکرد وە تەنانەت ئەگەر سەرکردایەتی ئەو یەکگرتنەش بە دەست ئیخوانەوە بێت ،بەڵام نەهزەکان ئامادەییان دەربڕی بەڵام بە کۆمەڵێك مەرجی قەبە کە لە ئاست خۆیاندا نەبو چونکە ئەوان وا خۆیان دەرخستبو کە خاوەن هێزێکی زۆری چەکدارنو پێگەی جەماوەریشیان هەیە بهڵام ئەم قسانەیان هەر لە سەر کاغەز بوو کاتێك هاتە حاڵەتی پراکتیکەوە وانەبوون؟!!!پاش یەکبون بزوتنەوە لە بری زیاتر بە هێز بوونی کەچی تا دەهات بەرەو پوکانەوە دەڕۆشت وباڵی نوێی تر دەرکەوت لە بری زیادبونی ڕێکخستنەکانیان و مەڵبەندەکانیان کە چی لە ئاستی ناوچە و لقەکانیشیان ئەندام ڕوو لە کزبوون ئەندامەکانیان زۆر بێزاربوون لەو ڕەوشە نەیان دەزانی سکاڵا بۆ لای کێ بەرن و کێ گوێیان لێبگرێ، ئیتر ئەمە کۆمەڵێك خاڵ دەدا بە دەستەوە یەکێك لەو خاڵانە ئینشیقاق بوو یەکێکی تر بونی کوتلە و باڵ بوو کە هەریەکە هەوڵی دەدا باڵی خۆی زۆرترین ئەندام لێی خڕ ببێتەوە لەوێیش هەموخاوەن باڵەکان کێشەی جەوهەریان پارەو دەسەڵات بوو، سەرچاوەیەکی بەرپرس لە بزوتنەوە بەبێ ناوهێنان ڕایگەیاند»خۆرەی ناو ئێمە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا پارەو دەسەڵاتو دزەکردنی قسە نهێنیەکانمانە بۆ لایەنی دژمان بۆیە هەر پرۆژەیەکمان دادەنا لە کورترین ماوەدا لە چاخانەکانەوە دەبیسرا ئیتر ئەم موخابەرەحەکیمە کێ بوو نازانم یان خەت مایل لە ناو مانا پەرەی سەند بوو کادرێکی دەست لە کار کێشاوە ووتی «من لە سەرەتای نەوەدەکان بەهۆی کرێکاریەوە برادەرێکم ناسی کە لە یەکێك لە مەرزەکان ئیشمان بە یەکەوەدەکرد ڕێکەوت وەها بوو ئەو مەرزەی ئێمە ئیشمان تیا دەکرد مەڵبەندێکی بزوتنەوەی لێوە نزیك بوو هاوڕێکەم هەمو جاری بۆ پشو دەچوو بۆ ئەوێ جار و بار بە منیشی دەوت تۆش وەرە منیش هەر لە خۆمەوە نەمدەزانی بڕۆم یان نە ڕۆژێکیان لەگەڵ هاورێکەم ڕۆشتم بینیم ئەم هەمو لاوە جوانانە یەکی ڕیشێکی درێژیان هێشتۆتەوە وێنەی دەموچاویان زۆرناشرین بوو بە هەرحاڵ لەوێ پشویەکمان دا برادەرێك هات بۆلامان و خۆی پێناساندین ووتی من ناوم فەرحانە خەڵکی سلێمانیم خۆشحاڵم بە هاتنتان بۆ ناو بزوتنەوە من ڕاستەوخۆتوشی شۆك بوم لە دڵی خۆم گوتم من کەی بزوتنەوەم بە ئاماژەیەك بە هاوڕێکەم ووت کە ئەمە ئەم کابرا دەڵێ چی؟ئەویش ووتی بێدەنگ بە ئەمە زاناترین کەسی ناو ئەم مەڵبەندەیە با قسەکانی تەواو کات ئیتر کابرا دەستی بە قسەکرد وەك ئاگر کڵپەی سەند بوو هەر لە خۆیەوە قسەی دەکرد باسی سونەتی پێغەمبەری دەکرد باسی ئاودیکردنی دەکرد کە لە نەوەتەکان باو بوو ئیتر هەتا تەواو بو من زۆر بێتاقەت بوم کە هاتینە دەرەوە زۆر لە هاوڕێکەم زویر بوم کە بۆچی منی بردوە بۆ شوێنێکی ئاوا ئەویش زۆر داوای لێبوردنی کردو ڕایگەیاند کەوای زانیوە پێت خۆش بوە بچین بۆ ئەو جۆرە شوێنانە ئەو کادرە دەستی لە کارکێشایەوە بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی ووتی ئیتر ئەو فەرحان




ناوه وازی لێمان نه ئەهێنا شەوان دەهات بۆ لامان دەستی دەكرد بە قسە تا یەك و دووی شەو بە هۆی دوری ماڵمان لەو مەرزەوە شەوان لە مەرزەكە دەخەوتین پشوی لێ تێك دابوین پاش ماوەیەك من بە خۆم نەزانی كە بارگاوی بوبوم لا ئیرادی حەماسەتێكم بۆ پەیدابوبو بوۆ بزوتنەوە لەگەڵ هەموو ئەمانەشا هەندی شتی دەچرپاند بە گوێمانا ئەو كادیرەی بزوتنەوە وەك هاوار كردنە مردو شیركە سەڵاوات نابێت بدرێ لە پێغەمبەر فاتیحەی دوای بانگ بیدعەیە..............تدمنیش لە لای هاورێكانم باسم دەكرد ئیتررۆشتنمان بۆ مەڵبەندەكەی بزوتنەوە بە واجب دەزانی تەنانەت دەچوین بۆ مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی بوو و وتارە ئاگرینەكانی مەلا كرێكار تا شەری نێوان بزوتنەوەو (ی.ن.ك) ئێمە روچشتینەوە بوۆ شارەكەی خۆمان چونكە شە ڕبوو پاش (چوارمانگ) لە یەكێك لە چێشتخانەكانی سلێمانیدا فەرحانم بینیو بەڵام بەشكڵەكەی كۆنی نا بەڵكو ڕیشی تاشیبوو سمێڵی تێكەڵی ناودەمی ببوو منیش ووتم كاك فرحان چۆنی ووتی باشی تۆ كێی منیش ووتم من فلان كەسم ئەها ل ەمەڵبەندەكەی بزوتنەوە قسەت بۆ دەكردین ووتی بابە بزوتنەوەی چی من وازم هێناوە ووتم بۆ ووتی كاكە گیان رازیم نیە قسەم لە گەڵا بكەیت برۆ واز بهێنە ووتم ئەی خۆ تۆ بەردەوام باسی بزوتنەوەو سونەتی پێغەمبەرو هێشتنەوەی ڕیشو قرتاندنی سمێڵت بۆ ئێمە دەكرد ووتی ئەگەر نەڕۆی دەچم ناوت دەدەم دەڵێم ئەمە بزوتنەوەیە منیش وتم ئنجا منیش دەڵێم ئەمیش بزوتنەوە بوە ووتی ببورە من بەناو بزوتنەوەبوم ئەگینامن و بزوتنەوە كوجا مەرحەبا ،كادرێكی بزوتنەوە باسی لە كێشەكانی ناو بزوتنەوە كرد بە م شێوەیە«ئەوە بو بە فیتو پلانێكی دەرەكی و ناوەكی بزوتنەوەی یەكبونی ئیسلامی هەڵوەشایەوەو بو بەچەندین بەشەوە هەر لە كۆمەڵی ئیسلامیەوە تاجوندو ڕنێارو حەماسو هێزی دووی سۆران

وحەماسو...............تد.پاش ئەمەش شەڕێکی تر ڕویداو کۆمەڵێك لاوی ئەم نیشتیمانە بونە قوربانی حەزی بەرپرسە ئیسلامیەکانمان لەو ساتەی ئاشت بوین لەگەڵ لایەنەکان ئەو بەرسە عەسکەریانەمان وا باسی قیتالوجیهادو غەزایان بۆ دەکردین کە ئەگەر شەڕمان بوو لەگەڵ هەر هێزێکی عەلمانی ئاوا دەکەینو ئاوا هێرشیان بۆ دەبەین کەچی هەر شە ڕ دروست بوو هەندێکیان هەر نازانین چۆن خۆیان قوتار دەکرد بە بیانوی جۆراو جۆر کە هەندێکیان تا ئێستاش لە ئەوروپان و نەگەڕاونەتەوە یان لە وولاتانی دراوسێن؟!!! ،لە کاتی تەقینەوەی دوو تاوەرەکەی ئەمەریکا بە دەستی کۆمەڵی ئەلقاعیدە کە حکومەتێکی ئیسلامیان لە ئەفغانستان دروست کردبوو بە ئاگرو ئاسن لەگەڵ گەلی خۆیان هەڵسوکەوتیان دەکرد هەموو شتێکیان لەژنان ومنالان حەرام کردبوو تەنانەت چونە دەرەوەشیان ئیتر هەر لە تەلەفزیۆن ومۆسیقاو پیشەی مامۆستایی .........تد.وەئەم زەبرە کوشندەیەیان ئاراستەی سەرانی ئەمەریکا کرد ئەوانیش بە هێزێکی بێشومار هێرشیان کردە سەر ئەفغانستان و لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەو حکومەتەی تالیبانیان ڕوخاند چەندینیان لێگیراو تا ئێستاش بەرپرسەکەیان دەست گیر نەکراوە ئیتر ئەو گروپو تاقمەی پشتگیری لە قاعیدە بکردایە ئەمەریکا بە تیرۆرست ناوزەدی دەکرد ئەوە بو جوند ورێیار بە ئاشکرا پاڵپشتیان لە گروپی قاعیدە کرد بە سەرپەرشتی (ئوسامەبن لادن) بۆیە کەوتنە پەلاماری ئەمەریکاو سەرجەم بنکەو بارەگاکانیان لە دەڤەری هەورامان لەگەڵ خاکا یەکسان بوو ئەوی کوژرا کوژرا ئەوی تریش یان بەبرینداری بەدیل گیران یان ئاو دیوی ئێران بونەوە،ئەو سەرچاوەیە لە درێژەی قسەکانیدا ووتی»ئیتر بزوتنەوە تەنها وەك ناو هەبون ، وە لە کۆنگرەی نوێشدا محمدی مەلا کە ناسراو بوو بە مەلا محمدی وەزیر کرا بە ڕابەرو پاشان بۆ ئەوەی مەلا سدیقی ڕابەری پێشوی(نەهزە)نەچێتە پاڵ کۆمەڵ هاتن بە زۆر بێت یان ئاشتی مەلامحمدیان ئیقناع کرد کە واز بهێنێت لە پۆستی ڕابەری و بیدا بە مەلاسدیق و ناوبراو بو بەڕابەرو خەونەکەی هاتەدی ئیتر بزوتنەوە چۆنی بویێت وای لێدەکات ،سەرەڕای ئەم هەموو نەهامەتیەی بەسەر بزوتنەوەداهات هەر لە سەرەتای دروست بونیەوە کۆمەڵێك ڕەئی خاوەن جیاواز بەلام ئێستاش بزوتنەوە چەندین باڵی تیایەو هەر باڵەی بە جیاکار دەکات بۆ زیاتر ئاشنا بونمان بەو بالانە سەرکردەیەکی بالای ئەو حیزبە لە بەر هەندی ئیعتیبارات ناوی خۆی نەبرد ووتی»ئێستا وپاش بەستنی کۆنگرەی نۆهەمی بزتنەوە و بونی مەلاسدیق بە ڕابەر بە لام کۆمەڵێك کێشەی ناوخۆی بزوتنەوە بەبێ چارەسەر ماونەتەوە و بە هۆی هەڵبژاردنی 25/7/2009 باڵەکانی ناو بزوتنەوە کوك نین لە سەر ئەو کاندیدانەی خۆیان کە دەیانەوێ ببیە ینە پەرلەمانە وە هەر باڵێك کەسی نزیکی خۆی ئامادە کردوە تا ببیکاتە کاندیدی پەرلەمان بە بێ ئەوەی گوێ بدری بەوەی کە شیاوی ئەوەیە ببێت بە ئەندام پەرلەمان یان نە گرنگ ئەوەیە کە سەر بە باڵی ئەو دەچێتە پەرلەمانەوە،وە دوای تەواوبونی هەڵبژاردنەکانیش و بە دەست هێنانی بزوتنەوە بەو دەنگانەی خۆیان کە بە پێی لێدوانی بەرپرسی کۆمیسیونی هەڵبژاردن ئەنجامە بە رایی یەکان بزوتنەوە پلەی چوارەمی هێناوە وەك لیستی بزوتنەوە کە کوردستانی یەکەمە وگوۆڕان بەدووەم هاتوە و سێیەمیش چاکسازیەو بزوتنەوەش چوارەمە بەلام بزوتنەوەڕێك نەکەوتون تا ئێستا هەر وا بە بێ چارەسەر ماوەتەوە ئەویش بە هۆی بونی کوتلەو باڵەکانی ناوبزوتنەوە کە پێك هاتون لەم بالانە:باڵی ئیحسان کە پشتگیری لە مەلاسدیقی مامەی دەکات وهەر بە ئیعازی ئەویش گهڕاندیانەوە ناو بزوتنەوە و ئوتۆماتیکیەن لە ماوەی (کن فیکون)دا بو بە ڕابەر،باڵێکی تریش هەر لە ناو بنەماڵە خۆی قوت کردۆتەوە ئەویش باڵی عیرفانی کوڕی مەلا عەلیە کە بە حسابی خۆیان پاڵپشتێکی گەورەیان لە پشتە بەلام وا نیە چونکە تا سەر پەتەکە لە گەڵێانن دوای ئەوە تەواو،باڵێکی جودا خوازی تریش هەر بونی هەیەو لە ناوڕێکخستنەکانداو مەکتەبەکانی بزوتنەوە بە باڵی حەمەی مەلا عومەروە ئەمەش چەند کەسانێك بۆ ویست و ئارەزوی خۆیان مەلا محمدی وەزیریان کردۆتە دەست کە لای خۆیان و بوۆ هەر کوێ بیانەوی و چۆنیان بوێ قسەی پێدەکەن و خۆشیان نقەیان لە خۆیان بڕیوە،باڵێکی تریش هەن ئەوانیش ناوزەد دەکرێن بە باڵی کامیلی حاجی عەلی کە کەمترین پۆستیان هەیەو زۆر بوار نادەن ئەو باڵە بونی خۆی بسەلمێنێت،وە ئەم بالانەو کۆمەڵێك باڵی تریش هەن بەلام وەك پێویست نین یان ناهێڵن بونی خۆیان هەبێت ، ئەو سەرچاوەیە زیاتر دواو گووتی»هەر باڵەو بە جیا داوای پارەدەکات وجەماوەر بۆ خۆی زیاد دەکات کەس نازانێت ئەو پارەیە بزوتنەوە وەریدەگرێت دەدرێ بەکێ ؟سەرجەم مەکتەبەکان ئەتوانین بڵێین کێشەی سەرەکیان پارەیە نە ڕاگەیاندن چالاك وئەکتیڤە نە ڕێکخستن نە پەیوەندیەکان و.......تد.وەچەندین کێشەی ترهەن لە نێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ڕابەر وجێگرەکەی کە تا ئێستا بێ چارەسەر ماونەتەوە .

# میراودەلی کاندیدی خەیاڵی لەپرۆسەیەکی دێموکراسیدا



لەکەشو هەوایەکی دێموکراسیی و ئازاددا هەلبژاردنی 25-7-2009 لەهەرێمی کوردستاندا بەرێوە چوو، بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتیەیەکان باشترین هەلبژاردنێك بوو، نەك لەسەرئاستی هەرێم بەڵکو لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق، ئەمەش دەلالەت لەبونی ئازادی دەنگدان دەکات، گوزارشت لەحکومەتێك دەکات کەبڕوای بەیەکسانی و هاوڵاتی بون هەیە، گەرەکیەتی هەرێمی کوردستان ببێتە نموزەجی دێموکراسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .

هەلبژادنێکی جیاواز

ئەوەی لەهەلبژاردنی ئەمجارەی هەریمی کوردستان بەدی دەکرا، مەسەلەی فرەلیستی و فرەکاندیدی بوو، هەم بۆ هەلبژاردنی سەرۆکی کوردستان، هەم بۆ هەلبژاردنی پەرلەمان ، فرەی یەك کەجێگەی ستایشی وڵاتان و مایەی خۆشحاڵی دەوڵەتانی پێشکەوتوو بوو، کەدەکرێت وەك دەروازەیەکی کرانەوەی هەرێم بەڕوی دنیادا وەسفی بکرێت، هەر ئەمەش بوو وای کرد زیاتر لەسەد دەوڵەتی دونیا نوینەرەکانیان بنێرن بۆ چاودێری کردنی پرۆسەکەو هەڵسەنگاندنی سیاسەت و ئەدای حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی کوردی .

میراودەلی لەنێوان بەرداشی ئەدب و سیاسەتدا

کەمال میراودەلی ساڵانێکی زۆرە لەوڵاتانی ئەوروپی ژیان دەگوزەرێنێت، زیارتر بایەخی بەمەسەلەی ئەدەب داوە، بەهیچ جۆرێك تێکەڵاوی دەریای سیاسەت نەبوە، هەربۆیەش لەکاتی سەردانی کردنی بۆ هەرناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، بەر لەهەر قسەکردنێك دەستی دەکرد بەشیعر خوێندنەوە، هەوڵی دەدا لەڕێگەی شیعریەکانی یەوە جەماوەر بۆ خۆی کۆ بکاتەوە، وەسفی ئەو ناوچەیەی دەکرد کەسەردانی کردبوو،دیارە شیعریش گەلێك جار دەچێتە ناو دنیای خەیاڵ و فەنتازیا، بۆیە ئەو بانگەشەیەی ئەو دەیکرد مەگەر لەدنیای شاعیرانە بهێنەدی ، ئەگینانا بەدەیان ساڵ ناتواندرێت ئەو بەڵێانە جێ بەجێبکرێن .

میراودەلی کاندیدی وون

ئەگەرچی کەمال میراودەلی وەك کەسایەتی یەکی بێلایەن خۆی کاندید کردبوو، بەڵام لەکردەوەو واقیعدا بوو بەکاندیدی هەردوو لیستی گۆران و چاکسازی، ئەمەش لەنزیکی رێژەی دەنگی میراودەلی ودەنگەکانی لیستی گۆران و چاکسازیدا بەروونی دیارە، ئەمەش دەچێتە خانەی گاڵتەکردن بەعەقڵیەتی دەنگدەر و هاوڵاتی کوردی ،چونکە زۆربەی هەرەزۆری هەواداران و لایەنگرانی ئەو دوو لیستە بۆ هەلبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم دەنگیان بەمیراودەلیدا .ئەمەش پیاوانەی هەموو عورفێکی سیاسی و یاسای یە، چونکە لەهەڵبژاردندا ئەو پە ڕی ئازادی هەبوو، دەکرا ئەو لیستە خۆیان کاندیدیدیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەبوایە،نەك بە شاراوەیی پشتگیری لەکاندیدێکی سەرۆکایەتی هەرێم بکەن .

میراودەلی فەشەل دەهێنێت

ئەوەی بەگوێی میراودەلیدا درابوو، ئەوەبووکەئەو لەپرۆسەی هەلبژاردندا سەرکەوتنی مسۆگەرە، بەلام دەرئەنجامەکانی هەڵژاردن ، نەك هەر ئەمەیان دەرنەخست، بەڵکو بارزانی بە ڕێژیەیەکی بەرچاو دەنگی زۆر هێنا، هێنانی ئەم ریژە زۆرە لەلایەن بارزانی یەوە، ئەوە دەردەخات کەخەڵکی کوردستان هیچ کەسێك بەبەدیلی بارزانی نابینن، بەهۆی ئەوەی تاکە کەسێکە کەتوانیویەتی وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی مامەڵە بکات، بەڵام ئەوەی پرسیارە ئەوەیە کەئایا میراودەلی دەوای شکست هێنانی چی دەکات؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ لیستی گۆران و چاکسازی دەکات؟ ئایا لەئایندەدا دەبێتە بەشێك لەکاراکتەری ئەو دوو لیستە، یان وەکوو جاران یەخەی شیعر دەگرێت و لەئەوروپا خەریکی کاری رۆشنبیری دەبێت؟ئاینده وە لامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە.

زانا رۆستایی: بۆ چرکە

# ئەگەر بەرپرسانی یەکێتی خۆیان گۆرانکاری بە سەر خۆیاندا نەهێنن داهاتوویان باش نابێت.

دیمانە:هەژار مجید



**چرکە ئاشکرایە لە هەلبژاردنەکانی ٧/٢٥لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت،هۆکاری ئەم شکستە بۆچی دەگەرێنیتەوە؟**

زانا رۆستایی بە بێ گومان دیارە دەنگەکانمان زیادی کردوە بە لاَم کورسیەکانمان زیادی نەکردوە بە بەراورد لەگەڵ سالی 2005 ئێمە ژمارەی دەنگەکانمان زۆر زۆر زیادی کردوە لە بەرامبەر هەلبژاردنی رابردوو بەلاَم ئەوەی راستی بێت ژمارەی کورسیەکانمان کەمی کردوە هۆکاری سەرەکیش ئەو سەختەکاریە بوو کە لە کۆتایی ساتی هەلبژاردنەکانی ڕۆژی 25 ی مانگ لە هەولێر و دهوك ئەنجام درا بۆ هۆی ئەوەی رێژەی سەدی بەرز بێتەوە ئەگەر پێشتر 1400 دەنگ کورسیەك بوو بێت ئەوا بەرز بۆوەو بوو بە 1700 دەنگ بۆ یەك کو رسی ئەمە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە تێکدانی هاوسەنگیەی کە خەریك بوو بۆ پەرلەمانی کوردستان دروست بێت هۆکارێکی تر هۆکارێکی بابەتی بوو پەیدابوونی هێزێکی تر بوو لە مەیدان ئەویش لیستی گۆڕان بوو پێشتر لایەنی سێیەم لە کوردستان حیزبە ئیسلامیەکان بوون دوای پارتی و یەکێتی بە لاَم پەیدابوونی گۆران و ئەو وتارە عاتفیەی کە بە کاری هێنا بۆ سەرنج راکێشانی دەنگدەران کاریگەری زۆری هەبوو کە ژمارەیەك دەنگی بێ لاَیەن کە هەر جارە بەرەو لیستێك دەرۆیشتن ئەمجارە لە دەوری گۆڕان کۆبوونەوە. ئێمە دەنگی ئیسلامیەکانمان هێناوەتەوە بە لاَم لەوانەیە دەنگە نارِەواکان ئەوانەی پێشوتربەرامبەر پارتی و یەکێتی هەیانبوو بە داوای بە دیلێك گەڕان ئەو جارە بۆ لای لیستی گۆڕان چوو. دەشبێ ئێمە هەندێ کەم و کوریمان هەبووبێ لە نێو لیستەکانمان بۆ نموونە وتاری سیاسی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی وتارێکی دەنگ ساف بوو لەبەر ئەوەی دانی بە چاکەکان هێنا کە حکومەتی هەرێم هەندێ کاری چاکی ئەنجام داوە بە لاَم هەندێك کەم و کوری هەیە دەبێت تەواو بکرێت. ئەم وتارە بە دڵی خەڵك نەبوو،خەڵك پێی خۆشە وتارێك بدرێت بە تەواوی دژی پارتی و یەکێتی بێت وتارێکی عاتفی بێت ئەم جۆرە وتارە کە ئێمە باوەڕمان پێی بوو گاریگەری هەبوو مەسەلەی

هەلویێست لە دەستوری کوردستان پێش ئێمە باجی ئەوەمان دا کە لەگەڵ دەستوری کوردستان بووین وە خەلك و راگەیاندنیش زۆر کاریان لە سەر ئەم مەسەلەیە کرد تا ئەندازەیەك ئەوەش کاریگەری هەبوو لە کەم بوونەوەی دەنگەکان.

**چرکە: بەرێز مەولود باوە مراد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەڵێت ئەندامانی کۆمەلی ئیسلامی زۆربەیان دەنگیان بە لیستی خزمەتگوزاری نەداوەو دەنگیان بە لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی داوە ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەم وتەیەی مەولود باوەمراد؟**

زانا رۆستایی: ئێمە هێچ قسەیەك لەم بارەیەوە ناکەین ئەم قسەیە بە بیرو ڕای خۆیەتی.

**چرکە کۆمەلی ئیسلامی بۆ هەلبژاردنی شارەوانی پەرلەمانی داهاتووی عێراق چ ئامادە سازیەکی کردوە؟**

زانا رۆستایی ئەوەی ئاگام لە رای بەیانی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان هەیە لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی تەنها بۆ پەرلەمانی کوردستان بوو،بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان و بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانیش لە بەغدا رێگای ترمان لە پێشە و زۆربەی بیروو رامان تا ئێستا لە سەر ئەوەیە ئێمە بە لیستێکی تایبەت بەژداری لەم دوو هەڵبژاردنەی داهاتوو بکەین.

**چرکە: چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ لیستی گۆڕان؟**

زانا رۆستایی : لیستی گۆڕان زیاتر پەیوەندی کێشەکانی بە نێو (ی.ن.ك) هەیە وە پێ دەچێت پەیژەیەك بێت بۆ رزگار کردنی (ی.ن.ك) لە رووخان دەنگێکی نارەزایی لەو هەموو کەم و کوریانەی ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) هەیبوو وە ئومێدێکە بو چاکسازی و پێداچوونەوەی بەرپرسان و کادیرانی (ی.ن.ك) ئەوانیش ئەگەر خۆیان چاك نەکەن و پرۆسەی گۆڕان بە سەر خۆیان دانەهێنن داهاتوویان باش نابێت. لیستی گۆڕان ئومێدیکی پەیدا کردەوە بۆ کادیرەکانی(ی.ن.ك) کە پرۆسەیەکی بە خۆداچوونەوە ئەنجام بدەن گۆرانکاریەکی راستەقینە بە سەر خۆیاندا بهێنن پێش ئەوەی هەوڵ بدەن بە سەر دام و دەزگاکانی حکومەتی دابهێنن.

**چرکە: پەشیمان نین لەو هاوپەیمانیەی کە لە هەلبژاردنی ٧/٢٥ لەگەڵ سۆشیالیست و زەحمەتکیشان و یەکگرتوو ئەنجامتان دا**

زانا رۆستایی بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نین چونکە کارێکی نارەوامان نەکردوە، وە ئێمە پێشمان وایە لە رووی سیاسیەوە زۆر سوودمان لێ بینیوە سەلمانمان کە ئیسلامیەکان دەتوانن لەگەڵ ئەم نەیارە فکریەکانی خۆیان کاری هاوبەش بکەن وە هەر کەسێکیش لە ئیسلامیەکانیش نزیك بێتەوە زەرەر ناکات قازانج دەکات وە ئەو دوو حیزبەی کە لەگەڵ ئیمە هاوپەیمان بوون لەوانەیە بە بێ هاوپەیمانی نەیانتوانیبایە ئەو رێژەیە دەنگە بە دەست بهێنن بەڵام لە پەنای هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبە ئیسلامیەکان توانیان لە پەرلەمانی کوردستانپێگەی خۆیان درست بکەن لەوانەیە هەندیك خەلك خراپ بە کاری هێنابێ سودی لێ وەرگرتبێت بۆ خۆی بە لاَم خۆی لە خۆیدا پێکەوە ژیانی ئیسلامیەکان و نائیسلامیەکان پرۆسەیەکی نیشتمانی زۆر گرنگە.

**چرکە: لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بەشداری لە دەسەڵات دەکات یان وەک ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی دەسەلات دەبن؟**

زانا رۆستایی ئێمە بڕیارمان داوە ئەمجاریان لە ناو پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی یاسایی ببینین ڕۆڵی چادێر ببینین لە بەر ئەوەی پەرلەمانی رابردوو نەیتوانیوە چاودێری ئەنجام بدات ئێمە دەمانەوێت لەم خولە لە بەرژەوەندی خەلکی کوردستان و لە بەرژەوەندی حکومەت لە بەرژەوەندی ئەزمونە سیاسیەکەمان نەچینە ناو حکومەت و لە ناو پەرلەمان بمێنینەوە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ کاری باش ئەنجام بدات بۆ ئەوەی لێ پرسینەوەی هەبێت لە هەموو کەمتەرخەمیەك چونکە لە هەر وڵاتێك ئەکەر ئۆپۆزسیون نەبێت ناتوانین بلێن ئەمە ولاتێکی دیموکراتیە.

**چرکە: پێت وایە لە کابینەی رابردووی حکومەتی کوردستان ئۆپۆزسیۆن دە وری هەبوبێت؟**

زانا رۆستایی: دەنگێکی ئۆپۆزسیۆن هەبوو بە لاَم نەك وەك ئەم ئۆپۆزسیۆنە،ئۆپۆزسیون لە کابینەی رابردوو زیاتر لە رۆژنامەگەری بێ لایەن رەنگی دایەوە یان لەو چوارچێوەی کە ئێمە باشێکمان لە ناو حکومەت و بە لاَم رەخنەشمان لە حکومەت هبوو لە حکومەت ئێمە لێرەشدا باشیکمان دا لە هەلبژاردنەکان بە تەواوی لەگەڵ ئۆپۆزسیون نەبووین پێمان وابوو بەشداری کردنمان لە حکومەت بەشداری کردنێکی شکلیە و بۆیە حەقی خۆمانە رەخنە لە حکومەت بگرین بۆیە دەتوانین بلێن لە رابردوو هەولێك هەبوە بۆ دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن بە لاَم ئێستا ئۆپۆزسیۆن دروست بوەو پێگەی بەهێزیش دەبێت لە ناو پەرلەمانی کوردستان.

**چرکە : پێتان وایە کە دەبێت کۆمەلی ئیسلامی بە خۆیدا بچێتەوەو خالە لاوازەکانی دەست نیشان بکات چارەسەری پێویستیان بۆ بدۆزێتەوە؟**

زانا رۆستایی: ئێمە دوو رۆژ دوای ئەنجام دانی هەلبژاردنی 25/7 کۆبوونەوەی سەرکردایەتیمان کردوو پرۆسەی بە خۆداچوونەوەمان دەست پێ کردوە کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرەکانمان ئەنجام دا وە ئێستا لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت پێك هاتوون پێداچوونەوە بکەن لە کاروبارەکانی خۆمان وە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ هەلبژاردنی داهاتوو و سوود لەم کەم و کوریانەمان وەردەگرین.

**چرکە تا چەند گەشبینن بە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم؟**

زانا رۆستایی پێم وایە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم ناکارا دەبێت لەبەر دەنگە ئۆپۆزسیۆن وە ئەو بەلێنانەی کە لیستی کوردستانی بە خەلکی داوە بە پێم وا نیە بتوانێ لە ماوەی ئەم کابینەیەش ئەو بەلێنانەی جێ بە جێ بکات بە تایبەت روو بە روو بوونەوەی دیاردەی گەندەلی، ئەمە شۆرشێکی گەورەی دەوێت بە لاَم دلخۆشم بەم کابینەیە لە بەر هەبوونی ئۆپۆزسیۆن.

# غیابی شوناس و پێویستی گۆڕان

**محەمەد بابان**

گەنجانی
ئێمەتا ئێستا خاوەن کۆدەنگییەك
نین لە بەرامبەر ئەو هەموو سوکایەتییەی
کەرۆژانەکۆمەڵگەو دەسەڵات و نەریتەباوەکان پێیاندەکەن..!
واتەنەیانتوانیوەبەشێوەیەکی ڕەوان لەو ئیشکالیاتانەنزیك ببنەوە،
کەبەری لێگرتوون، بەچەشێك بتوانن شانبەشانی پێشکەوتنەگەورەکانی
دونیا بچنەپێشێ، بۆیەهەمیشەو بەگشتی کەسیتی گەنجی کورد خاوەن کەمترین
هەستکردنەبەشوناسێکی تایبەت بەخۆی و بەردەوام لەبازنەی خۆ خوارنەوەدا دەخولێتەوە.
ئەو هەرگیز ناتوانێ پەنجەبۆ سەر سنوورەحەرامکراوەکان درێژ بکات، ئەمەش زەنگێکی خەتەرناکە،
چونکەدواجار بیئەو حاڵەتە، ژیانی کۆمەڵگەدەبیتەگۆمێك، کەهەرگیز ناشڵەقیت و بەوەش زوو بۆگەن دەکا.
کۆمەڵگە.. بەکایەجیاجیاکانییەوەهەر لەڕیساکانی خیزان و سنوورەدیاریکراوەکانی ئایین و یاسا
بیسەروبەرەکانی نەریتە کۆنەکانەوە، هەتا دەگاتەبچوکترین ڕێگرییەکانی لەبەردەم خولیاو ئاواتەکانی هەر
گەنجیکدا، بوونەتەگەورەترین مەترسی بۆ سەر ئایندەی خودی کۆمەڵکەخۆیشی، چونکەدواجار گەنجان ئەوانن
توانای پیکەینانەوەی سەر لەبەری ئەو پیوەندییانەن، کەتەواو لییمەحروم کراون و داهاتوویشمان پیویستی پیەتی،
کەببیتەخاوەنیان وەك چۆن سەرجەم کۆمەڵگاکانی دونیا هەنگاویان بۆ ناوەو پییگەیشتوون.. بۆیەتا خەفەکردنی
دەنگی گەنج لە ئارادابیت، کۆمەڵگەهەر بەدواکەوتوویی دەمینیتەوە. بەڵام ئاخۆ گەنجی ئیمەلەم سەردەمەدا ئەتوانێ
لەئاستی ئەو ئەرکەگەورەیەدا چی بکات؟ بەدڵنیاییەوەلەئیستادا هیچ..! چونکەئەو هەژموونەپیویستی بەپرۆسەی
سەرلەنوێ بونیادنانەوەهەیە، واتەگۆڕانکاری بنچینەیی، هەر پرۆسەیەکی بونیادنانەوەو گۆڕانیکاریش لەپیوەندییەکی
ڕاستەوخۆدان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی کوردستاندا، بەو پییەی زۆربەی کەناڵەجیاوازەکان مۆنۆپۆلیزەکراون
لەلایەن دەسەڵاتەوە، کەواتەەتا دەسەڵاتی سیاسی مەرامی ئەو گۆڕانەنەخاتەخانەی پراکتیزەکردنەوە، مەحاڵەگەنجی
کورد بتوانێ هەنگاوی کارایانە! لەو بارەیەوەهەڵبنێ، ئەم بۆچوونەمانای کەمکردنەوەنییەلەئاستی توانا و هیزی گەنج،
ئەوندەی کەمکردنەوەیە لەو هەستەی دەسەڵات، کەتووشی قەیرانی بیرنەکردنەوەلیکدانەوەی دیاردەکان هاتووەو هەر
بۆیەشە، دەبینین هەست بەگۆڕانی تیدا مردووە، بەدیویکی تریشدا ئەو قسەیەبەسەر گەنجدا ساغدەبیتەوە، ئەگەر
بروامان وابیت، کەگەنجی ئیمەکائینیکەنامۆیەبەسەرەتاییترین مافەکانی گەنجیتی خۆی و مەترسییەکەش
لەوەدایەتازەوارڕاهاتووەو ژمارەیەکی کەمی گەنجان نەبێ، زۆریان تا ئیستا تەنانەت نەیانتوانیوەبزانن
بیربکەنەوە لەهەمبەر داوا و پیویستییەحەیاتییەکانی خۆیاندا، چونکەئەو ژیانەی ئەوان پیی مەحکومن
هیچ نییەبەدەر لەڕۆتینیکی کوشندەو دووبارەکردنەوەی هە مان ژیانی پیشووی باوك باپیران..
دەبێ دەسەڵاتی کوردی درك بەبایەخی پرسی گۆڕانکاری و بونیادنانی سەرلەنویی کایەکانی
کۆمەڵگەبکات و هەمانکات کۆمەڵگەیش دان بەوەدابنێ، کەلەئاست ئاواتی گەنجاندا
تۆتالیتاریانەمامەڵەدەکات، تا بتوانرێ پیکەوەئەو پرۆسەیەی هەموومان
لەدەستی گەنجانەوەچاوەڕوانی دەکەین و دیتەبەرهەم، زەمینەی لەباری بۆ
بڕەخسینرێو دەسبەجییش هە نگاوەکانی بەرەو ڕیالیزەکردنیان بنرێ